نامق هەورامی

# پەیرەوکارانی یارسان لەکرمانجی سەروودا



ئەدەبیات و کلتووری یارسان ٢

هەولێر٢٠١٣




حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر

سەرپەرشتیاری گشتی
ماجید نووری

# پەیڕەوکارانی یارسان لەکرمانجی سەروودا

نووسینی: نامق هەورامی
ناوی پرۆژە: ئەدەبیات و کلتووری یارسان٢
بابەت: ئایین
پیتچنی و هەڵەچنی: نووسەر
نەخشەسازی ناوەڕۆك: شاخەوان جەعفەر
نەخشەسازی بەرگ: ئامانج ئەمین
تیراژ: ٥٠٠ دانە
چاپ: بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری- هەولێر
نرخ: ٢٠٠٠

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان
ژمارە سپاردنی (٨٥٢) ساڵی (٢٠١٣)ی پێدراوە

بەڕێوبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر
هەولێر- گەڕەکی راستی/ نزیك گەراجی بەغدا
باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری
ژمارەی تەلەفۆن: ٠٦٦٢٥٨٥٤١٣

ئەم هەوڵە پێشكەشە بە:

- كتێبەكـەم لەژێر چاپـدا بوو كاتێك براو مامۆسـتام فەلەكەدین كاكەیـی بە جەسـتە بەجێی هێشـتین، كاكەیی هاندەری سـەرەكی من بـوو بۆ بە ئەنجـام گەیاندنی ئەم پرۆژەیە، بۆیە تەواوی بەشـەكانی ئـەم پرۆژەیە دەكەمە دیاری بۆ رۆحی نەمری كاكەیی، دڵنیام لە دۆنی داهاتویدا دڵخۆش دەبێت بەم پرۆژەیە...

-براو مامۆستام.. دكتۆر محەمەد عەلی سوڵتانی كتێبە بەنرخەكانی ئەو كتێبخانەكەی ماڵەوەو كتێبخانەی رۆحمی دەوڵەمەند كرد .

- بەدۆنەكانـی پێشـترم كـە منیـان گەیاندە لێـواری هەقیقەت و دۆنەكانی دوای خۆم كە رۆحێكی پڕ لە دیدەداری و رۆشـنیان پێشكەش دەكەم.

## دەربازە

ئایینی یارســـان یەکێک لە میراتەکانی مێژووی مرۆڤایەتی بەگشتی و کوردانی زاگرۆس نشـــینە بەتایبەتی، ئەم ئایینە پڕیەتی لە رەمزوو رازی ژیان و گەردوون و تژیە لەفەلســـەفە، لەسەر ئاســـتی رۆژهەڵاتناسان و گەڕیدە بیانییەکان زۆر لەسەر ئەم ئایینە قسەکراوە، لەپاڵ دەرخستنیدا چەندین شتی نابەجێیان بۆ هەڵبەستەوە یان لەدەمی نەیارەکانەوە شتیان وەرگرتوەو دیکۆمێنتیان کردوە.

لەئاستی ناوخۆی کوردا جگە لەچەند هەوڵێکی بچوک کارێکی ئەوتۆ نەکراوە بۆ خوێندنەوەیەکی هاوچەرخ و دووبارە شـــرۆڤەو لێکۆڵینەوەی ئەم ئایینە کە بەشێکی زیندوی کلتوور و دیرۆکی کوردە.

ئەفراندنـــی دنیا و مرۆڤ و فەلســـەفەی جامەگۆڕیـــن ( دۆنادۆن) و مۆزیک و لیریکا لەبنەما هەرە دیارەکانی یارســـانن، ریشـــەی رەســـەنی یارســـان لەقوڵایی خاکی کوردســـتان و چیاکانی زاگرۆســـدایە، کۆڵەگە ئاینییەکانی یارســـان بریتین لە (پاکی، راســـتی، نیســـتی، ردا)، واتە راستی و خاوێنی و ژیانێکی دەروێشانەو فیداکاری لەپێناو خەڵکی تردا، شاتەیموری بانیارانی لەم بارەیەوە دەفەرمێت:

یاری چوار چیوەن باوەریش وەجا
پاکی و راستی و نیستی و ردا

واتە : یارسان چوار بنەمایە دەبێت پەیڕەوکار بەجێی بهێنێت، پاکی و راستی و ژیانی دەروێشانە و خۆفیداکردن لەپێناو خەڵکیدا.

ئەمەش نزیکییەکی تەواومان نیشان دەدات لەگەڵ ئایینی زەردەشتیدا کەئەویش سێ پایە ســـەرەکییەکەی ئەو ئایینەن کە بریتین لە (کرداری باش و رەفتاری باش و گوفتاری باش).

سەدەی حەوتەم و هەشتەمی کۆچی سەردەمی زێڕینی گەشەسەندنی ئـــەم ئایینە بووە، لەقۆناغـــی کامڵ بوون و (خەتم) کردندا، ســـوڵتان

ئیسحاق لەو قۆناغەدا بنەماو یاساو ڕێسا ئاینییەکانی تەواوکرد، لەڕوی جەماوەریشەوە خەڵکێکی زۆر لەم ئایینە کۆبوونەوە و بەلێشاو پەیڕەوی نوێ لەسەرتاسەری دنیاوە دیدەیان ڕۆشن دەبویەوەو دەبوونە پەیڕەوکاری یارسـان و لەنێو بازنـە ئایینییەکانی ئەم ئایینـەدا وەک ( هەفت تەن، هەفتەوانە، چل تەن، ٧٢ پیر، ٩٩ پیر، ....هتد). ڕێکدەخران و کاروباری ئایینیـان بەڕێوەدەبـرد و بەمەش دەگوترێـت دەورەی پەردیوەرە، لەو کاتەدا شارەزوور مەڵبەندێکی گەورەی ئایینی بوو، لەسەرانسەری دنیاوە خەڵکی روویان لەشـارەزوور دەکرد بۆ فێربوونی زانست لەسەر دەستی مەلا ناودارەکانی ئەو سـەردەمەدا کە ( مەلا ئەلیاسـی شـارەزووری و مەلاقدووری شـارەزووری و.....هتد) بوون، بەجیابوونەوەی عابدین لەو بازنەیـەو روکردنە ئایینی هەقیقەت، زۆرێک لەشـوێنکەوتوانی رویان لە (پەردیوەر) کرد،

(پەردیوەر) گوندێکە لە هەورامانی لهۆن کە ناوەندەکەی (شـێخان) ی سـەر بە شـارۆچکەی (نەوسـود) و مەڵبەندی بڵاوبوونەوەی ئاینی یارسـانە و ئێستا زووربەی شـتە پیرۆزەکانی یارسان لەوێدان و قیبلەی یارسانەکانە.

لەناو ئەوانەدا خەڵکی نەتەوە جیاوازەکان و زارەجیاکانی کوردیشی تێدا بوو، لەبوڵگارسـتانەوە بۆ هیندستان و مەغریب و تفلیس و شام و بەغدا و بەسرەوە بگرە تا کرمان و شیراز و ئەسفەهان و مازیندەران، لەم هەوڵەی ئێمەدا ئەو کرمانجە ژوروانە بەسەر دەکەینەوە کە تێکستەکانیان بە هەورامی نووسـیوە، لەهەوڵێکی تردا تیشـک دەخەینە سـەر ژیانی کۆمەڵێکی تر کە عەرەبن و لەشام و مەغریب و یەمەن و بەغدا و بەسراوە هاتوون و تێکستەکانیان بەهەورامی نووسیوە.

لەسەردەمی (بالولی ماهی) یەوە لەسەدەی دووەمی کۆچی تا قۆناغی پەردیوەر تەواوی کەلامەکانی یارسان بەهەورامی نوسراون، تەنها دەفتەری عابدین نەبێت کەبەشێوەی جافی نووسراوەتەوە، ئەمە پرسیارێکی گرنگە کەبۆچی هەورامی بوویە زمانی فەرمی یارسان؟

ناتوانین وەڵامی ئەم پرســیارە وەرگرینەوە تــا ئاوڕێکی دیرۆکی لە زمانی کوردی- هەورامی نەدەینەوە.

زۆرێک لە لێکۆڵەرەوان و زماننناس و گەڕیدەو رۆژهەڵاتناسەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە زمانی کوردی میراتگری زمانی مادی و ئاوێستاییە و دیارە مەبەست لەوەش (هەورامی)یە، رۆژهەڵاتناسی ناسراو (دارمستتر) پاش لێکۆڵینەوەیەکــی ورد لەزمانی کوردی بەو باوەڕە گەیشــتووە کەزمانی کوردی لقێکی زمانی (ماد)ە، ئێمە ئەگەر ئاڤێســتا بەوردی بخوێنینەوە و بەراورد لەگەڵ هەندێ وشــەی ئاوێســتایی و پارســی کۆن و پارتی و هەورامیــدا بکەین ئەوەمان بۆ رون دەبێتەوە کەلەزمانە کۆنە ئێرانییەکان و لەزاراوەکانی کوردیشــدا هەورامی لەهەموویان زیاتر نزیکە لەو زمانەوە کە ئاڤێســتای پێ نووسراوەتەوە و ئێستاش زۆرێک لە وشەو دەنگەکانی لەهەورامیدا ماونەتەوە.

زمانی ئاوێستایی گرنگترین زمانی دێرینە، زمانێکی تەواو بەهێز بووە و ریشەی لەناو زمانی هیندۆ ئەوروپاییدایە، بەهیچ جۆرێک ناتوانرێت ئەم زمانە بە زاراوەیەکی زمانی فارســی بزانرێت کەزمانی فەرمی ئێرانییەکان بووە.

هــەروەک چۆن (مەکەنزی) لەکتێبــی ( دیالیکتیک اورامان لهون) دا کەچەندین ســاڵ کاری لەســەرکردوە، لەو باوەڕەدایە هەورامی نزیکترین زمانە لە زمانی ئاوێستاییەوە.

هەورامی وەک زمانەکانی تر گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، وەک ئەوەی گۆڕانکاری بەســەر شــتەکانی تردا هاتووە، دەبێت ئــەوە بزانین زمانی دایکی رۆژێک دەستی پێکردووە کە پێشینەکانمان لەسەر ئەم بومە و بەم زوانە ئاخاوتوون یان بەزمانێک کە ئیسە هەورامی میراتگرییەتی، ئەوەتا زمان ناس و ئاوێستا ناســێکی وەک (ژان کلنز، لیژ) باوەڕی وایە ئەلفا بێی ئاوێستایی هاوشانی ئەلفابێی یۆنانییە.

دکتــۆر حەبیبوڵڵای تابانــی لەکتێبی ( وحدت قوم کــورد وماد) دا لەلاپــەڕە ١١٥دا دەڵێت:» پێش هاتنی هــۆزە ئارياييەکان بۆ چیاکانی

زاگرۆس، زوانـــی (هوریانی) لەناوو زاگرۆس نشـــینەکاندا بەکار دەهات کەزوانی رەسمی دەوڵەتی میتانییەکان بوەو هیچ پەیوەندییەکی بەزوانی هیندوو ئەوروپاییەوە نییەو زمانی رەســەنی زاگرۆس نشـــینەکان بووە، هوریانی زمانێکی باو بووەو پەیوەندی لەگەڵ زمانی

( لولوبییەکان و کاسی و گۆتییەکان)دا هەبووە، کاتێک ئارییاییەکان دێنە ناوچەی زاگرۆس لەگەڵ زمانی رەسەنی ناوچەکە کەزمانی هوریانی بـــووە تێکەڵدەبن و دواتر ئەو زمانـــە دەکەنە بنەما بۆ زمانێکی نوێ کە زمانی (ماد) ییەکان بوەو دواتریش ئاوێستای پێ نووسرایەوە».

ئیستەش بەردەوام دەگوترێت زمانی ئاوێستا لەکوردییەوە نزیکە بەڵام حەقە بپرسین لەکام کوردییەوە نزیکە؟

ئەمە ریشـــەیەکی مێژوویی و هزری قوڵی لەپشـــتە و دەکرێت وردتر کۆدەکانی ئەم بابەتە بخوێنینەوەو هەڵوێســـتەیان لەســـەر بکەین، ئەمە لەبابەتێکی سەربەخۆدا شرۆڤە دەکەین.

بەورد بوونـــەوە لەخشـــتەکان کەلەناوەرۆکدا دانـــراون دەگەین بەو دەرەنجامانـــەو لەوێوە دەروازەی ئەو هەقیقەتەمان بۆ والا دەبێت کەچۆن ئەو کوردانەی کرمانجی ســـەروو تێکســـتە ئایینییەکانیـــان بە هەورامی نووسیوە.

**نامق هەورامی**

**باشووری کوردستان/هەولێر**

**سەرماوەزی/٢٧١٢ کوردی**

**سەرماخێزی/٧٦٣ سوڵتانی**

# کاوی یەکەم

**یارسان:**

ئاینی یارسان یان کاکەیی و ئەهلی هەق یشی پێدەگوترێت یەکێکە لە ئاینە کەوناراکانی کورد لەهەورامان و شارەزوور و لوڕستان بڵاوبووەتەوەو گەشەی کردووە،یەیڕەوانی ئەم ئایینە لە ئێراندا لەناوچەکانی (کرماشان، هەمـــەدان، ئازەربایجان، تاران، زنجان و باکـــوری ئێران) ن، لەعێراقدا لەناوچەکانی (هەڵەبجە، خانەقین، کەرکووک، موســـڵ، بەغدا، هەولێر) ن، لەتورکیاش لە (دەرسیم، سیواس، سەمسور) ن، لەروسیاش یارسان لە (قـــارس) ی ناوچەی (ئەلیزابت پول ســـەر) هەن و بەناوی (کوردی رەسەن) ناسراون.[١]

لە هیندستان و پاکســـتان و ئەفغانستان پەیڕەوکاری یارسان هەن و خۆیان بە

(بنەماڵـــەی یادگاری) یەوە دەبەســـتن و پییـــان دەڵێن (زکری)، لەشـــارەکانی (مەزار شەریف، توربەت، موشکی، گریشە، دوشی، پول خومـــر) ن و چیای (مـــوراد) لە (توربەت) بەشـــوێنی پیرۆزی خۆیان دەزانن.[٢]

ئـــەم ئاییـــە لەناوخۆدا کەمترین ئـــاوڕی لێدراوەتـــەوە و جۆرێک لەتەموومژی لەســـەرە، زۆرێک لەو کەســـانەی کەلەسەر ئەم ئایینەیان نووسیوە پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ پەیڕەوانی ئەم کۆمیۆنیتە ئایینییە دانـــاوە وەک (عـەلـــەوی و ئەهلـــی هەق و یارســـان و کاکەیی و عەلی ئیلاهی)[٣]، لەهەندێک ناوچەدا بەتایبەت لەناو فارس و ئازەرییەکاندا بە (کورد بەچە و خروس کوش)[٤] ناو دەبرێن.

یارســـان لـــە دوو وشـــەی لێکدراوی (یـــار) و (ســـان) هاتووە کە یەکەمیان بە مانای هاوەڵ و شـــوێنکەوتوو و لەشـــێوازی سۆفیانەشدا بەمانای (مەحبووب و مەقســـود)[٥] دێت و دووەمیان بەمانای پێشەواو رابـــەر دێت کـــە ئاماژەیە بە (ســـوڵتان ئیســـحاقی بەرزنجەیی) و بە سوڵتان لە هەوراماندا دەگوترێت (سان) و کۆی وشەکە مانای یاران و شوێنکەوتوانی سوڵتان ئیسحاق دێت.

لەنێو یارســـانەکاندا وشـــەی (یار)، (ســـوڵتان) مانای (ئافرێنەر) و(خاوەنـــدکار) یش دەدات کە هەردوکیان ئاماژەن بۆ ناوی خوداوەند، دیارە خوداش بەپێی ئاڵوگۆڕی ئایینەکان ناوەکەی دەگۆڕدرێت،

سوڵتان خودایوەن زاتش یەگانە
کاوەی حوجاجان جە هەورامانە

هەر ئایینەو بەجۆرێـــک لەم ناوە دواوەو وێنای کردوە بەڵام کرۆکی مەسەلەکە هەر یەک شتە، وەک ئەوەی شێخ بەهایی دەڵێت:

هرکس بە زبانی سخن از وصف تو گوید
بلبل بە غزلخوانی و قمری بە ترانە(٦)

ئایینی یارســـان ریشـــەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئایینەکانی رۆژهەڵات و زۆرتر لە بونیادی باوەڕیدا لەبنەماکانی ئایینی (میترائیسم) نزیکەو پاش ئەویش ئاینی زەردەشـــتی، دیارە ئاینی زەردەشتیش زۆر لە بنەماکانی ئایینی میترائیسمی لەخۆیدا کۆکردوەتەوە.

یارسانەکان باوەڕیان وایە دیرۆکی ئایینەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەزەڵ و حەقیقەت لەگەڵ ئافراندندا و ئەم ئایینە ئاینی خاوەندکارە.

## هەندێک لە خاڵە هاوبەشەکانی میترایی و زەردەشتی و یارسان:

بەو پێیەی میترایزم ریشەی هەردوو ئایینی زەردەشتی و یارسانە بۆیە زۆر خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە لەوانەش:

- هەر سێ ئایین باوەڕیان بەوە هەیە کە مرۆڤ لە گیا دروست بووە.

- هەرسێ ئایین ژمارە حەوت لایان پیرۆزە، لای میتراییەکان حەوت هێمایە بۆ (حەوت ئاسمان، حەوت چینی زەوی، حەوت پایەی گەردوون، حەوت تاقی پەرستگا، حەوت پایەی ئایینی .

لە یارساندا (حەوت تەن، حەوتەوانە، حەوت حەوتەوان، حەوت خەلیفە، حەوت خادم....هتد) هەیە، دیوانە گەورە حەوت بەشە،

حەوت جاویدان: تەنە نەمرەکانی ناو ئایینی زەردەشتن کە ئاهورامەزدا و شەش فریشتەن کە بریتین لە (بەهمەن، شهریوەر، ئەمورداد، خورداد، سپندارند، ئوردی بەهەشت) لە یارسانیشدا حەوت تەن کە نەمرن و ئەوانیش بریتین لە: (پیر بنیامین، پیر داوود، پیر موسی، پیر مستەفای داودان، خاتو دایراک رمزبار، شا ئیبراهیم ئەیوەت، بابا یادگار)

-پیرۆزی رۆژ: لە ئایینی میترادا خودی میترا روناکییە و لای یارسانیش رۆژ(خۆر) پیرۆزە و سوڵتان ئیسحاق دۆنی میترایە واتە ئەویش رۆژە، لای زەردەشتییەکان روناکی هێمای ئاهورامەزدایە.

- سرودەکانی بارگە بارگەی سەرەنجامی یارسان ٧٢ بەندن و سرودی یەسنای ئاوێستاش ٧٢ بەندە، ٧٢ پیری یارسان هەیە، پشتوێنی زەردەشتییەکانو هەورامی و یارسانەکان ٧٢ تاڵە داوە.

- سێ رۆژی دیار نەمانی زەردەشت لای زەردەشتییەکان سێ رۆژ رژو هەیە لای یارسانیش هەمان سێ رۆژ هەیە لە رۆژوی (مەڕە نو) و (یارانی قاوڵتاس) دا.

- هەنار یەکێکە لە میوە پیرۆزەکان لە ئایینی زەردەشدا، هەروەها لای یارسانیش پیرۆزە دادە ساری دایکی بابا یادگار لە دەنکە هەناریک ئـــاوس دەبێت و بابا یادگار لەدایک دەبێت، لەجەژنی خاوەندکاری و قاوڵتاسیشدا پێویستە هەنار بخورێت.

- لای میتراییەکان و زەردەشـــتی و یارســـان (جـــەم) هەیە کە کۆدەبنەوە بۆ سروتە ئایینییەکانیان و شوێنی بەڕێوەبردنی مەراسیمە ئایینییەکانە.

- جل و بەرگی ســـپی: لای میترایی و زەردەشتی و یارسان جلی سپی پیرۆزی هەیە بەتاییبەت لە جەم و بۆنە ئایینییەکاندا.

**نامەی سەرەنجام:**

گرنگترین و پیرۆزترین کتێبی یارســـان یان ئەهلی هەقەکانە و بە شـــێوەیەکی تەواوەتی لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا لەلایەن سوڵتان و هاوەڵانییەوە نووسراوەتەوە بە هەورامی(٧).

ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە ئەم کتێبە بەسەر شەش بەشی سەرەکیدا پۆلێـــن کراوە ئەوانیش بریتین لە: « بارگە بارگە، دەورەی هەفتەوانە، گڵیم و کۆڵ، دەورەی چلتەن، دەورەی عابدینی جاف، وردە سەرەنجام» کە بنەماو تایبەتمەندی و هەموو یاســـاو رێســـاکانی ئەم ئایینە لێرەدا نووسراوە.

سەرباری ئەوانە چەندین کتێبی تریان هەیە کە بەپێی پۆلێن بەندی بەم جۆرەن:

١- دەورە: ئەو کتێبانەن پێشـــەکی دەورە بـــە ناوەکانیانەوە هەیە وەک» دەورەی بالولـــی ماهـــی، دەورەی بابا ســـەرهەنگی دەودانی، دەورەی شاخۆشـــێن، دەورەی بابا ناوسی ســـەرگەتی یان بابا ناوسی جاف، دەورەی بابا جەلیل، دەورەی دامیار، دەورەی شاقولی، دەورەی پیرئالی، دەورەی شا هەیاس.»

٢- ئەو کتێبانەی پێشگری (کەلام) بەناوەکانیانەوە هەیە لەوانەش:» کەلامی سەی ئاکبەری خامۆش، کەلامی پەردیوەری، کەلامی شاتەیموور، کەلامی زولفەقار، کەلامی جەناب، کەلامی قاسید، کەلامی مجرم، کەلامی خـــان ئەڵماس، کەلامـــی ئێڵبەگی جاف، کەلامی حەیـــدەری، کەلامی دەروێـــش ئاجاق — کە ئەمەیان بە زمانی تورکی نوســـراوە و کەلامی ئێڵبەگیش بە شێوەی جافی نووسراوە.

٣- ئەو کتێبانەی بە دەفتەر ناســـراون وەک:» دەفتەری شندروێ، دەفتەری ســـاوا، دەفتەری نەوروز ســـورانی، دەفتەری شـــێخ ئەمیر، دەفتەری غوڵامان.

دەبێت هەموو یارســـانێک لەهەرکوێ بێت ســـروتە ئایینییەکانی بە هەورامی ئەنجام بدات.

زمانی ئایینی و نیاییشـــی یارســـانەکان کوردیی هەورامییە، دکتۆر محەمـــەد عەلی ســـوڵتانی بـــڕوای وایـــە وەک چۆن لەهەرشـــوێنێکدا موسوڵمانێک هەبێت لەوێدا زمانی عەرەبی هەیە بەوجۆرەش لەهەرکوێدا یارسانێک هەبێت لەوێدا هەورامی هەیە.[8]

لەسەردەمی دووەمی (پەردیوەردا) و پاش سەرهەڵدانی (قووشچی ئۆغڵی و شـــاوەیس قولی و محەمەد بەگ وخان ئاتەش) لە تورکستان، بەمەبەســـتی تێگەیشـــتنی پەیڕەوانی ئەم ئایینە لە کتێبی سەرەنجام، ئەمانە (کەلام[9])ە کانیان بە تورکی نووســـییەوە، هەرچەندە زۆرێک لە پەیڕەوانی ئەم ئایینە کاتێک لە ناوچە تورک نشینەکانی وەک تەورێزەوە دێنە پەردیوەر بە هەورامی کەلام دەخوێنن.

**دۆنادۆن:**

یەکێکی تر لە باوەڕە ئاینییەکانی یارسـان بڕوابوونە بە نەمری ڕۆح وگەڕانی ڕۆح لە ١٠٠١ جاردا هەیە کەدوای ئەو گەڕانە خاوێن دەبێتەوەو ئەگاتە مەنزڵی جاویدانی و بەو کردارەش دەگوترێت (دۆنادۆن) .

کاتێک کەسێک لای یارسانەکان دەمرێت باوەڕیان وایە تەنیا (جامە) یان بەرگ یان قاوغەکەی گۆڕیوەو ڕۆحەکە هەر ماوەتەوە.

هزری یارسان بەتێگەشتن لەوپاشخانە قوڵەوە کەهەیەتی بەچاوێکی پڕلەڕێـزەوە لەکەسـایەتییە ناودارەکان دەڕوانێـت و باوەڕیان بەوەیە رابەرانیـان هەریەکەیان دۆنـی یەکێک لەو کەسـایەتییانەیەو مرۆڤ دەرەنجامی کرداری رابردویەتی، واتە پەیوەستە بە زەمانەوە.

بـۆ نموونە (هەفت تەن[١٠]) لە قۆناغـە جیاوازەکاندا لەدۆنی ترداو لەتوخمە پێکهاتەکانی گەردون و وەرزەکان و ڕەنگەکان و ڕۆژەکان زمان و..هتد بوون، کەواتە نیشـانی ئەوەیـە کە مرۆڤ دەکرێت لە دوێنێ و ئێستادا بوونی هەبێ وەک ئەوەی لەو خشتەیەی خوارەوەدا دیارە.

زەمان بونێکی گشتییە کە (سات)ەکان پێکیان هێناوە، هیچ دابڕانێک لەزەمانـدا نییە، یەک بوونی و یـەک بوویی هەیە، دەتوانین ئێمە هەم لەئێستادا بین هەم لەڕابردوودا[١١].

(عالی قەلەندەر(١٢)) لەم بارەیەوە مەرەمو

گێڵام دوون وە دوون، گێڵام دوون وە دوون
عالی یەنان عالی گێڵام دوون وە دوون
عالی قەڵەندەر بگەندی ئەو شوون
ئێرەچ بیانی پوور فەرەیدوون

واتە: گەلێک قاڵب و لاشـەی تر گەڕاوم، مـن عالی م گەلێ دۆنی ترم کردوە، ئیسـە وەک عالی قەلەندەرم و پێشـتر من ئێرەجی کوڕی فەرەیدون بووم.

| ز | ناوی فریشته | دۆنی له سەردەمی ئاهورا مەزدادا | دۆنی له سەردەمی کەیکاوس و شانامەدا | حەوت رەنگی پیرۆز | حەوت گەوهەری پیرۆز | حەوت رۆژی هەفتە | حەوت زمانی پیرۆز | دۆنی سەردەمی شەریعەت | توخمە سەرەکییەکانی گەردون | وەرزەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پیر بنیامین | زەردەشت | رۆستەم | سپی | دوڕ | ٣شەممە | عەرەبی | جوبرئیل | خاك | هاوین |
| ٢ | داودی کەوسوار | بەهمەن | گیو | شین | گەوهەر | ٤شەممە | فارسی | ئیسرافیل | با | بەهار |
| ٣ | پیر موسی | شەهریوەر | گودەرز | خۆڵە مێشی | سەدەف | شەممە | کوردی | میکائیل | ئاو | پاییز |
| ٤ | مستەفا داودان | خورداد | روستەمی یەك دەس | رەش | ئەڵماس | ٢شەممە | تورکی | عزرائیل | ئاگر | زستان |
| ٥ | خاتو رەمزبار | سپندار مەزد | فەرەنگیس | زەرد | بەرد | ٥شەممە | ئینگلیزی | فاتیمەی زەهرا | | |
| ٦ | بابا یادگار | ئەمرداد | سیاوەش | سەوز | یاقوت | هەینی | هیندی | ئیمام حسەین | | |
| ٧ | شابراهیم (روجیار) | ئوردی بەهەشت | جیهانبەش | سور | عەقیق | ١شەممە | بەربەری | ئیمام حەسەن | | |

**جەم:**

ترادیسۆنی گرنگی ئەم ئایینە پێی دەگوترێت (جەم) واتە کۆبوونەوەو و ئەم وشەیە بەمانای (جمع)ی عەرەبی نایەت و خودی وشەکە ئاوێستاییە و لەهەندێک جێگەدا (کیانی) ییەکان بە کورتکراوەی جەمشید بەکاریان هێناوە.(١٣)

ئەم جەمە ئەرکە لەسەر کاکەیی یان یارسان یان ئەهلی هەق کە بۆ جەژن و نیاز و سەرسپاردن و تەواوی بۆنەکانی تر، جەم بنەمای تایبەتی هەیە و گرنگی جەم لەزۆر لە کەلامەکانیاندا باسکراوە،وەک ئەوەی لەم کەلامەی حەزرەتی سوڵتاندا هاتووە:

شەوقم زیاوە،شەوقم زیاوە
نەی جەمو یاران شەوقم زیاوە
ئەز عەنقام کیاست بیو چا کاوە
بدەرو دوعای نەزرو پاکتاوە
ویمیش نەی جەمدا مەکەری جەلا
روحتاف(١٤) خواجام بی وە سەر سەلا

چوار تەن لەیەکەم جەمدا کە لە (کانی گوین) لە (شاهۆ) سازیاندا، ناوەکان بەمجۆرە بوون ( روتاف یان روحتاف بریتییە لە بنیامین، کەشکۆڵ داوودە، ئاتوسا یان هاتف بریتییە لە رەمزبار، قەڵەم بریتییە لە مستەفا) .

روحتاف وتی بزانم چیتان پێیە دەری بهێنن وەک نیاز با جەم ساز بکەین، هەریەکەو شتێکیان پێبوو (روتاف شیرینی پێبوو، کەشکۆڵ هەنار، ئاتوسا بادام، قەڵەم بەڕوی پێبوو)، شتەکانیان تێکەڵ کردوو روحتاف (بنیامین) ئەم دوعایەی بەسەردا خوێند:

تێکەڵ بکەرمی، تێکەڵ بکەرمی
هەرچوار نیازما تێکەڵ بکەرمی
وە سۆز ئەسرین دوعاش بدەرمی
پەلامار وەجەم راسان بوەرمی

واتـــە: باهەرچوارمان ئـــەوەی پێمانە تێکەڵی بکەین و بەســـۆز و فرمێسکەوە دوعای بەسەردا بخوێنین و بچینە ناو جەمی راسانەوە.

دیارە خودی جەم پێشـــتریش وەک مەراســـیم لەناو میترائیەکاندا هەبوەو تێیدا میوانداری کراوە[١٥].

لەجەمدا ســـەید هەیە کە ســـەرجەمەو پاشـــان خەلیفەو خادیم و جەمنشین و تەموروژەن و کەلامخوێن هەن.

لەجەمدا خەلیفە وەک داوەر بۆ چارەسەری کێشەکانەو لەمەراسیمی ناونان و سەرسپاردندا کارەکەی جۆرێکی ترەو ئەگەر لە جەمێکدا سەید لەوێ نەبـــوو ئەوا خەلیفە کارەکانی ئەو بەڕێوە دەبات بە بەڕێوەبردنی جەمیشـــەوە، هەرچی کاری خادیم هەیە بەشینەوەی خواردنی تایبەتی ناو جەمە کە پێی دەگوترێت ( موچە)[١٦].

**موزیک:**

موزیک یەکێک لەپایە گرنگەکانی ئەم ئایینەیەو هیچ مەراســیمێکی ئایینی بەڕێوە ناچێت بەبێ بەکارهێنانی موزیک و ئامێری تەمووره یان تەمیره یان تەمبوور لای ئەوان پیرۆزەو بڕوایان وایە لەپێش خولقاندنی یەکەم مرۆڤــەوە تەمیره هەبوەو هەر بەهۆی تەمیرەوە رۆح چوەتە ناو تەنی یەکەم دروستکراوەوە (١٧).

موزیــک لای یارســان ریشــەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تــەواوی ئایینە رۆژهەڵاتییەکان و لەوانیش گرنگتر موزیکی ئایینی زەردەشــت و دواتر گۆرانی هەورامی. زەردەشــتییەکان پتر بایەخیان بە مۆسیقا داوە. لە دەربارەکاندا، گرووپێک هەبوون بە ناوی (گوسان) کە بە ئەمرازی موزیکی وەک: (بەربەت، روود، چەنگ و تەمووره) سروودیان گوتوەتەوە.

سرودبێژیش هەبوون وەک: (باربود، نەکیسا، بامشاد و رامتین و... هتد)، لە چاخی ساسانییەکان کە بەمانە دەوترا: گوسان (خونیاگەر). پیشــەیان گۆرانــی گوتن بو بۆ ستایشــی خــواکان و مووبەدەکان و ئاورگەکان.

عادل محەمەدپوور باوەڕی وایە، گۆســان Gosan کە لە توخمی گۆ+ ســان پێکهاتووە (گەو: گەور، گبر) یان گاور(مەجووس) و گەو (پاڵەوان) ناموســوڵمان و لادەری دین. زاراوەیەکە بۆ زەردەشــتیان و مەجووسیان بەکاردەهات.

بە عەرەبیش بووە بە کفر و کافر. «سان»یش بە دوو واتا بە کار براوە. یەکەم بە مانای سوڵتان کە واتە مانای ئەوەڵ، گەورسان بە پێی یاسای فرێدانی فۆنۆلۆژی «ر» قرتاوە، بوەتە گۆسان، یانێ کەسێ یان کەسانێک-کە هونەرمەند بوون، (خونیاگەریشیان پێوتراوە، خونیاگەر لە پەهلەویدا: هونیواک کار، hunivakkar، لە رەگی (واناى) هۆرامی و هۆنینەوەی کوردی ســۆرانی و پاشــگری کارای کار، یانێ هۆزانڤان و ســترانچڕ و...)، ئەمە باشــترین بەڵگەیە، لە سەر ئەوەی کە واژەی (گۆرانی) لەوکردەوە دێرینەی (گۆران)ە کانەوە وەرگیرابێ.(١٨)

لەناو یارســـاندا یەکەمیـــن گروپی موزیک کەنـــاوی برابێت گروپی (نۆســـەد نۆسەد) ی (شاخۆشـــین) ە، هەمویان ژەنیار بوون و خودی شاخۆشین (تەمیرە-تەمبوور) ی لێداوە و ئەوانی تریش ئامێرەکانی تر، لەدەورەی پەردیوەریشدا ســـوڵتان ئیسحاق گروپی ( حەوت سازچی، حەوت ژەنیارو گوتارخوێن) هەبووە.

لەدەفتەرەکانی یارساندا ناوی زیاتر لە شەست ساز براوە کەهەموویان سازەکانی کوردستان بوون، گرنگی موزیک بەگشتی و تەمبوور بەتایبەتی لای یارسان لەپایەیەکی مەزندایە، وەک ئەوەی لەم کەلامەدا هاتووە:

یار دیدەکانی بنیامین سازە
پیرموسی سیم و داود ئاوازە

ئەمـــە لەکاتێکدا پایەی هەریەک لـــەو ناوانە پایەی باڵان ( بنیامین پیرەو ســـوڵتان سەری پێ ســـپاردوە، پیرموسی فریشتەو دەفتەرداری نوسینی چاکەو خراپەیە، داود دەلیل و فریادڕەسە)

یار دیدەکانی بنیامین پیرە
پیرموسی وەزیر داود دەسگیرە

# کاوی دووەم

## بۆچی هەورامی بوویە زمانی ئایینی یارسان؟

**زمان:**

زمان ناســـنامەی میللەتانە، بەهۆی تێکەڵاوی نەتەوەکان زمانیش گۆڕانی بەســـەردا دێت بەپێی هەلومەرجی کات و شوێن، لەوانەش بارودۆخی سیاسی و ئایین و فەرهەنگی

گەشەســـەندن و ئاڵوگـــۆڕ پێکردنـــی زمـــان لەچەنـــد ئاراســـتەیەکەوە دەبینرێت:

١- دەکرێت زمانێک ســـەرەتا زمانی نەتەوەیەکی ســـەربەخۆ بوبێت بەڵام بەدورکەوتنـــەوەی هەندێک لەئاخێوەرانی و تێکەڵاو بوونیان لەگەڵ زمانەکانی تـــر زمانێکی تر هاتبێتە کایە کە بوبێتـــە زمانی بەرکار، ئەمە کتوومت لەناو هەورامی و شەبەک و زازا و زەنگنەو باجەڵاندا دەرکەوتووە.

٢- زمانێک لەیەکگرتنی چەند زمانێکی دیکەوە هاتبێتە ئارا، زمانگەلێک کـــە جوگرافیایان پێکەو نزیک بێت و پاڵیان بەیەکەوە دابێت، یان هۆکارێکی سیاسی سەپاندبێتی و بوبێتە زمانی فەرمی.

٣- بڕێ جار زمانی دەســـەڵات خۆی سەپاندوە بەســـەر زمانێکی تردا و زمانەکـــەی تری تەریک و نابووت کردووە» زمانی ســـەپێنراو وەک زمانی پیرۆز ناســـێنراوە» ئەگەر خەڵکی ئەو جوگرافیایەی کەبەســـەریدا ســـەپاوە قبوڵی نەکردبێت و بناشـــتیان کردبێت ئەوا بـــە نەیارو جوداخواز ناوبراون و سەیرکراون، وەک ئەوەی ئیستە بەرامبەر هەورامی دەکرێت.

٤- لەنێو سیســـتمە شـــموولی و دیکتاتۆرییەکاندا هەمیشـــە هێزێکی پڕوپاگەندەی زۆر لەپشت زمانی دەسەڵاتەوە بووە، رەواجی بۆ پەیداکردووە و بازارگەرمی بۆکراوە لەسەر حسابی زمانەکانی تر، ئەگەرچی ئەو زمانە لەڕوی گرامـــەرو ســـینتاکس و مۆرفۆلۆجیا و ...هتد لاوازیـــش بوبێت، وەک ئەوەی رژێمی تورک دژی زمانی کوردی ئەنجامیدا و دەیگوت ئەوەی دەیەوێت مەدەنی و شارنشـــین و شارســـتانی بێت دەبێت بەتورکی خەبەر بدا، ئەمە کاریگەری نەرێنی لەسەر زۆرێک لەو کوردانە هەبوو کەباوەڕیان بەخۆیان نەبوو بەتورکی دەئاخاوتن بۆئەوەی پێیان بگوترێت شارســـتانی، کەزانی هێشـــتا ناتوانێت زمانی کوردی لەبەین ببات، سزای دانا بۆئەوانەی بەکوردی دەئاخڤن.

## زوانی کوردیـ هەورامی لە رەوتی دیرۆکیدا:

زمانـــی کوردی- هەورامی وەک زمانەکانی تر گۆڕانکاری بەســـەردا هاتووە، وەک ئەوەی گۆڕانکاری بەسەر شتەکانی تردا هاتووە.

دەبێـــت ئەوە بزانین زمانـــی دایکی رۆژێک دەســـتی پێکردووە کە پێشـــینەکانمان لەسەر ئەم بومە و بەم زوانە ئاخاوتوون یان بەزمانێک کە ئیسە هەورامی میراتگرییەتی .

دکتـــۆر حەبیبولّـــلای تابانی لەکتێبی (وحدت قوم کـــورد وماد) دا لەلاپەڕە ١١٥دا دەڵێت:» پێـــش هاتنی هۆزە ئارياييەکان بۆ چیاکانی زاگـــرۆس، زوانی (هوریانی) لەناوو زاگرۆس نشـــینەکاندا بەکار دەهات کەزوانـــی رەســـمی دەوڵەتی میتانییـــەکان بوەو هیـــچ پەیوەندییەکی بەزوانی هیندوو ئەوروپاییەوە نییەو زمانی رەسەنی زاگرۆس نشینەکان بووە،هوریانی زمانێکی باو بووەو پەیوەندی لەگەڵ زمانی

(لولوبییەکان و کاسی و گۆتییەکان)دا هەبووە، کاتێک ئارياييەکان دێنە ناوچەی زاگرۆس لەگەڵ زمانی رەسەنی ناوچەکە کەزمانی هوریانی بـــووە تێکەڵدەبن و دواتر ئەو زمانە دەکەنە بنەما بۆ زمانێکی نویَ کە زمانی (ماد) ییەکان بوەو دواتریش ئاوێستای پیَ نووسرایەوە» [١٩].

ئەوەتا زمان ناس و ئاوێستا ناسێکی وەک (ژان کلنز، لیڤ) باوەڕی وایە ئەلفا بێی ئاوێستایی هاوشانی ئەلفابێی یۆنانییە [٢٠].

شارســـتانییەتی (مێزۆپۆتامیا-نێوئاوان)، هیتییەکان، هۆرییەکان، کاردۆخییـــەکان، میتانییـــەکان، ساســـانییەکان و.. هەروەهـــا ئایین گەلـــی جۆربەجـــۆر لـــەم زێدە پـــان و گەورەیـــە هەبـــووە و هەیە، وەکوو (میترائیســـم -ئایینی پەرەستشـــی خۆر)، (مەزدائیسم -ئایینی زەردەشـــتی)، (یەهوودیەت-جولەکە)، ئیســـلام، (یارسان-ئەهلی هەق) شـــەبەک، عەلەوی، هەقە و ئێزیدی، ئەم ئایینانە هەریەکەو بەجۆرێک لێک نزیکی لەگەڵ ئەویتردا هەیە،» وەک ئەوەی ئێزیدی و یارســـان و زەردەشـــتی لەزۆر خاڵدا کۆدەکاتەوە وەک باوەڕبوون بە دروست بوونی

گەردوون»[٢١]، یەکێــک لەگرنگی ئایینە ئارياييەکان پێگەو نەخشــی ڕۆحە، ئەمەش دەروازەيەکە بۆ حوکمی عەقڵ.[٢٢]

بەو پێیەشی ژيانی سەرەتايی بۆ ناوچە شاخاوييەکان دەگەڕێتەوە و (هەورامان) يش ناوچەيەکی شــاخاوی سەختە، بۆيە ژيان لەم ناوچەيە بۆ هەزاران ســاڵ پێش زايين دەگەڕێتــەوە، تەنانەت بە هەڵەدا ناچين ئەگەر بڵێين ژيان لەم ناوچەيە بۆ زياتر لە (ســەد هەزار) ســاڵ پێش زايين دەگەڕێتەوە، بەڵام تا کاتی دەرکەوتنی لۆلۆبييەکان وەک يەکێک لە کۆنترين ئەو کۆمەڵانەی نيشــتەجێی دەشتاييەکانی شارەزوور هيچ شتێکی وەها لەو مێژووە کۆنە نازانين، لۆلۆبييەکانيش بەر لە هەزارەی ســێيەمی پێش زايين لە ناوچەی شارەزوور نيشتەجێبوون و ميرنشينی (خەمازی) يان دامەزراندووە، تا ئەوەی توانيويانە پەيوەندييەکی باش لەگەڵ ميرنشينی (ئێبيلا) ی باشووری شاری (حەلەب) لە وڵاتی شام دروست بکەن.[٢٣]

ســەبارەت بە ژيانی ئابووری لۆلۆبييەکانيش ئەوەندە زانراوە، کە کشتوکاڵيان زانيووە و برەويان پێداوە و ئاژەڵداری و بازرگانی کۆيلە و شمەکی ناوماڵيان کردووە، تەنانەت ناوچەکانيان لە باشترين بازاڕەکانی دانەوێڵە بوون لەو سەردەمەدا.[٢٤]

لێرەوەش بە هەڵەدا ناچين ڕەچەڵەکی دانيشتوانی هەورامان يان بە واتا مێژووييەکەی (هەوراميیەکان) بۆ لۆلۆبييەکان بگێڕينەوە، کە ئەم ڕاستييە زۆر کۆنترە لە گێڕانەوەی ئەوان بۆ (بەهمەن کوڕی دارا کوڕی بەهمەن کوڕی ئەســفەنديار کوڕی گوشتاســپ کوڕی لەهراسب کوڕی ســياوەش کوڕی کەيکاوس کوڕی مەرمەهاد کــوڕی مەنوچەهر کوڕی سيامەند کوڕی کيومەرس).[٢٥]

ئێســتەش زۆرێک لــە نــاوو راز و حەکايەتەکانمان لەئاوێســتادا دەدۆزرێنەوە و دووبارە لەشــانامەی هەوراميدا بەرچاون و لەوێشــەوە چونەتە ناو شانامەی فيردەوسييەوە.

شانامە لەهەوراميدا بەمانای (نامەی شا) دێت و وشەی (شا) بەمانای

گەورەو خاوەندکار دێتو ئێســـتەش لەناو یارسانەکاندا و عەلەوییەکاندا (شـــا) هەر بەهەمـــان مانا دێـــت و ئەوەتا هەریەک لە (شـــاعەلی و شاخۆشین و شای هەورامان (سوڵتان ئیسحاق) کە دەرکەوتەی خودایین لەســـەرزەویدا ئەم پێشـــگری (شـــا) یە بەناوەکانیانەوە هەیە، کەواتە (شانامە) واتە نامەی ئافرێنەرو خاوەندکار.

لای (پارتییەکان) یش بەهەمان مانای (نامەی خودا) دێت و پێیان گوتووە (خوتاینامە)، (خوتا) بەمانای (خودا) و (نامە) ش هەر هەمان مانای نامەو پەیامی هەیە.

کۆنترین ئاســـەواری کورد کەمابێتـــەوە (قەواڵەکانی هەورامان)ن، مێژوەکەیـــان بۆ ســـەدەکانی (٨٨و٢٢و٢١) ی پێـــش زاین دەگەڕێتەوە کە ژمارەیان ٣ دانەیەولەســـەر پێست نووســـراون[٢٦]، لە ساڵی ١٩٠٥ لەکەتیبەی (تەنگیـــوەر) لە ٥٠٠ مەتری گونـــدی تەنگیوەری هەرێمی (ژاوەرۆ)ی هەوراماندا دۆزراونەتەوە

لەلایەن دکتۆر (سەعید خانی کوردستانی)یەوە گەیەنراونەتەدەست پرۆفیســـۆر (ئیلیـــس منـــس و کاولی)و ئێســـتە لـــە مۆزەخانەکانی بریتانیادان[٢٧].

لە پەهلەویشـــدا (خشاە) بەمانای (شا) دێت و لەسەر زمان رۆشتوە لەکوردیدا بووە بە (خوا)، خشاە=خوا.[٢٨]

لەشـــانامەی هەورامیدا لەباسی (کەیومەرسی پێشـــدادی) یەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە (گەشتاســـپی کەیانی) کەهاودەمی ژیانی زەردەشـــت بووە، لەناو زنجیرە پاشاکانی (ئەپرداتە-پێشدادی) و (کەویان- کەیانیان) یشـــدا بەدەورەی حەوت پادشـــای ناویان دەبات کەلەناو ئایینی یارساندا ئەمانە بوون بە (حۆتەوانە یان هەفتەوانە).

زمانی مادەکان بەجۆرێ دەوڵەمەند بووە دواتر هەخامەنشییەکانیش ئەو زمانەیان بەکار هێنـــاوە و زمانی ئەوانیش بووە، بەڵگەش بۆ ئەوە، ئەگەر زمانی مادەکان و هەخامەنشییەکان یەک نەبووە ئەی چۆن دواتر کورش و داریوش و پاشاکانی تری هەخامەنشی بەردە نووسەکانیان خوێندوەتەوە؟

ئەمە سەرباری ئەوەی زمانی ئاوێستایی زمانێکی دەوڵەتی و ئایینی بووە لەسەرانسەری جوگرافیای ئێراندا (مەبەست لە جوگرافیای سیاسی ئێســتەی دەوڵەتی ئێران نییە)، زۆرێک لە زماننناس و ئاوێستاناسەکان باس لەنزیکی ئەو زمانە ئاوێســتاییە دەکەن لەگەڵ زمانی کوردیدا، بە گەواهی مێژوو ئەو زاراوانەی تا ئێستا لەکوردیدا زیندوون و ئێمە رۆژانە بەکاریان دێنین.

بەڵگەیەکــی تــر کەناتوانرێت نکۆڵــی لێبکرێت هەوای شــیعری هەورامییە لەسەر هەمان کێشــی خۆماڵی کە هاوشانی هەوای شیعری تێکستە ئاینییە کۆنەکانی کوردە، دورە لەبەحری عەروزی عەرەبییەوە، ئەمە لە شــیعری ســۆرانیدا نەک نابینرێت بگرە عەروزی عەرەبی لەو رێگەیەوە هاتە ناو شــیعری کوردیەوەو کێشی خۆماڵی وەلانرا، ئەوەش بۆ شــکاندنی هەیبەتی تێکســتە ئاینییەکان و کێشی خۆماڵی شیعردا کەتەنیا لەتێکســتە ئاینییەکانی یارسان و شیعری شاعیرانی هەورامی نووسدا مابوویەوە.

لێرەدا بۆ زیاتر چەسپاندنی ئەم بۆچونانە ئەم بەراوردکارییە دەکەم و دواتر دەبێتە دەروازەیەک بۆ وەڵامی دێڕە شــیعرەکەی سەید فەرزی و وەڵامی ئەو پرســیارەی کەبۆچی هەورامی بویە زمانی فەرمی ئایینی یارسان؟

### لیستی یەکەم

| پالەوی | هەورامی | سۆرانی |
|---|---|---|
| ئۆشتر | وشتر | حوشتر |
| پەروەرتەن | پە روەرنای | پەروەردەکردن |
| ئاتور | ئایر | ئاگر |
| وتەرتەن | ویەردەن | تێپەڕیوە |
| خاپ | خاو | خەو |
| رۆچن | رۆچن | رۆشنایی |
| نمە | نما | نوێژ |
| مژگ | مەژگ | مێشک |
| واو | یاو | تا |

### لیستی دووەم

| ئاڤێستایی | پالەوی | هەورامی | سۆرانی |
|---|---|---|---|
| ئێسمێ | هێسۆم | هێزمێ | داری وشک |
| ئەشم | خەشم | شم | تووڕەبوون |
| ئەدەم | ئەز | ئەز | من |
| زەیمە | زەیمێستان | زمسان | زستان |
| زەیمە | مخشی | مەشی | مێش |
| مانووە | مانووە | مەنووە | دەمێنێتەوە |

لیستی یەرەم ( سێیەم)

| ئاڤێستایی | هەورامی ئێستا | سۆرانی |
|---|---|---|
| ئوروان | ڕەوان | رۆح |
| ئازی | هازی | حەز |
| ئاییشا | ئادیشا | ئەوان |
| تە رشنە | تەژنە | تینو |
| زەماتە | زەما | زاوا |
| سەرە | سەرە | سەر |
| سەرەتە | سەردا | سەرما |
| هوەر | وەر | خۆر |

لیستی بەراوردی نموونە (٤)

| زوانی پارتی | هەورامی ئارۆیی | سۆرانی |
|---|---|---|
| ئێر | چێر | ژێر |
| پەروەرتەن | پەروەردەن | پەروەردە |
| ئاتور | ئایر،ئاویر، ئەیر | ئاگر |
| وتەرتەن | ویەردەن | تێپەڕیوە |
| شماخ | شمە | ئێوە |
| تزەرگ | تەوەرگ | تەرزە |
| ناڤ | نامێ | ناو |
| کەن | کناچی | کچ |
| وەهانەک | بەهانە | بیانوو |
| کەوەتەر | کاوەتر | کۆتر |

## يارسان و هەورامی

هەورامی زوانی رەسـمی ئەو ئاینەیە کە لەپاش لاواز بوونی ئایینی زەردەشـت بە چڕوپڕترین و پڕ خەڵکتریـن و کامڵترین ئایینی کوردی دێتە ژماردن ئەویش (ئایینی یارسـان یان ئەهلی هەق)ە و یەکێکە لەو گەرەنتیانـەی کە تا ئەو ئاینە بـرەوی هەبێت و پەیڕەوکارێکی هەبێت هەورامی یان ئـەوەی خۆیان پێی دەڵێن ماچۆ لە برەودا دەبێت، وەک ئـەوەی محەمەد عەلی سـوڵتانی دەڵێت « وەک چـۆن لە هەرکوێدا موسـوڵمانێک هەبێت لەوێـدا زمانی عەرەبی هەیە، بەو شـێوەیەش لەهەرکوێـدا ئەهلی هەقێک هەبێت لەوێش هەورامی هەیە» . ئەگەرچی کەمترین پەیڕەوانی ئەم ئایینە لە جوگرافیای هەوراماندان و زۆرترینیان لە ناوچەکانی (کرماشان وتەورێز و مازیندەران و تاران و ئازەربایجان و خانەقین و کەرکوک و گەرمیان و سفەیە و وەردەک و ناوچەی شەبەک نشـین و هتد) دان بەڵام شـێوەی ئاخاوتن و نیاییشی خەڵکەکە زوانی کوردی هورامی یـە و پەیڕەوانیش بەخۆیان دەڵێن (ماچۆ) کە هێمایە بە زوانی هەورامی، بەم پێییە ئەوانە بەشـێکن لە هەورامان و خۆشیان شـانازی بەهەورامـی بوونی خۆیانەوە دەکەن و ئەمەش سـەلمێنەری رایەکەی بەرێز سوڵتانییە.

هەر لەم بارەیەوە سەید فەرزی دەڵێت:

لەوز عەرەبیمان گێڵا نەدەوران
کەردمان کەلام وەلەوز گۆران

واتە:

زمانی عەرەبی لەلای ئێمە و لەدەورانی ئێمەدا وەرگەڕاو نەما و کەلام و ئاخاوتنمان بە زمانی گۆرانی دەستپێکرد.

لێرەدا مانایەکی قوڵتر ئەدا بەدەسـتی خوێنـەرەوە، زمان یەکێک

لەهێماکانـــە بۆ ئایین، چونکە هێزی مانـــەوەی زمانێک ئەوەیە هێزێکی ئایینی یان سیاسی لەپشتەوە بێت.

کاتێک بەراورد لەنێوان عەرەبی و گۆرانی (هەورامی) دەکرێت، ئەوە ئاماژەیـــە بۆ دوو بەرەی بیرکردنـــەوەو دوو ئایینی جیاواز، ئێمە بیری عەرەبیمان وەلانا و بە گۆرانی بیرمان کردەوە.

عابیدینی جـــاف یەکێکە لە پایە گرنگەکانـــی ئایینی ئەهلی هەق، لە شـــارەزوور لەدایک بووەو یەکێکە لە هاوەڵە هەرە نزیکەکانی ســـان سەهاکی بەرزنجی و جێ پەنجەی لەسەر (نامەی سەرەنجام) دیارە. لە شـــیعرێکی درێژدا کە باس لە مەیل و ئارەزووی خۆی بۆ ئایینی ئەهلی هەق و بنەما و فەلسەفەی ئەو ئایینە دەکات لە جێگەیەکدا دەڵێت:

بە پێی وتەی سەرەنجامم
لەم شارەزوورە هەنجامم
یارم لەوێ ئەدا کامم
لە بادە پڕ ئەکا جامم
سارێژ ئەکا ئێش و زامم
تا بگەمە هیمی و دامم
من عابیدنی هەورامم
دڵداری جوانی خواجامم

یان لە جێگەیەکی دیکەدا هەورامان بەشـــاری خۆی دەزانێت چونکە هەورامان یەکێکە لە شـــوێنە پیرۆزەکانی ئەهلی هەق و چەندین جێگای پیرۆزیان لە هەوراماندا هەیـــە لەوانە (گوندی هاوار کە خاکی پیرۆزی ئەهلی هەق)و (شێخان کە پایتەختی دەسەڵاتداری کاکەییەکان بووە و روباری پیرۆزی سیروان بە قەراغ ئەو گوندەدا دەڕوات)

(پردیـــوەر) لە هەورامانە، ئارامگای ســـوڵتان ئیســـحاق بەرزنجی (سان ســـەهاک)ی لێیە و قیبلەی ئەهلی هەقەکانە، لەناو یارسانەکاندا هەورامـــان و زوانەکـــەی پیرۆزییەکی لە رادەبەدەریـــان هەیە، عابدین لەبارەی هەورامانەوە دەڵێت:

شاری هورمزگانم جوانه
ئەم شارە بۆ یاران خوانە
ئاگرکانی گشت ماوە
گەرچی گەلێکی ڕماوە
باغ و بەری فراوانە
هەتا حەز بکەی ئاوانە

زۆرێک لەوانەی کەمەندکێش و باتنداری ئەم ئایینە بوگن هەورامییان کردوەتە زوانی خۆیان، بۆ ئەمەش بەڵگەی فرەو فراوانمان لەبەردەستان لە سەرەنجام و باقی دەفتەرو دەورەکانی تردا کە ئەوانەی لە ( بولغاریا و چین و یەمەن و کابوڵ و مەغریب و شـــام و مەککە و ئەستەمبووڵ و هیندستان)ەوە هاتوون و بە هەورامی بەیت و کەلامەکانیان نووسیوەتەوە. بابا هندوو کە لەهیندســتانەوە هاتووە بەمجــۆرە باس لە هەورامان و هەورامی بەپیرۆزی دەکات، مەرەمو:

وە ویت عەیانەن وەویت عەیانەن
ئینە ئەرەمای زاتی سوڵتانەن
پیرە بنیامین وەویت عەیانەن
واتەی هەورامی جەسەر زوانەن
سوڵتانم ساحێو هەردوو جیهانەن
مەکانش دوڕەن دوڕش مەکانەن

واتە:

لەتۆ ئاشــکراو دیارە ئــەی بنیامین کەئەمە نیشــانەی حەزرەتی ســوڵتانە کەبەزمانی کوردی- هەورامی لەســەر زارمانە وئەو خاوەنی هەردوو دونیایەو و ئەو لە دوڕە و دوڕیش لەوە.

لــە بەندی ١١ی هەمان دەورەدا بابــا هندۆ لەباری ئایین و زوانیی خۆیەوە مەرەمۆ:

جە زوان ویما بەینێن بیزارم
زوان هەورامی ئاما وەچارم

واتە: لێرە باری ئایینی وەک ئەرکێک کەوتە سەرشـــانم و من وەک بەندەو مەیتەرێک لەخزمەتی شادا خزمەت دەکەم و بە کەمی نازانم، تا ئەگاتە ئەوەی بڵێت:

لـــە زمانی خۆم کە زمانی هیندییـــە ماوەیەکە بێزارو بێتاقەتم و بۆ چارەســـەری بێتاقەتی و بێزارییەکەم زوانی هەورامی هات بە فریامەوەو چارەی کردم،کە ئاماژەیە بۆ ئایینی یاری کەبەزمانی هەورامییە.

لەوەڵامـــی ئەم کەلامەی بابا هندۆدا، داودی کەوســـوار لەبەندی ٢٦ لەدەورەی باباهندۆدا مەرەمو:

هەرچە مەواچو هو وەزات ئەقدەم
زوان هندیش نەمەنەن چ دەم
وەزوان ئیمە دەس مەیو وە هەم
مەگیرۆ دامان داود خادم

واتـــە: هیندۆ هەرچی دەڵێت (هو) بەیـــادی زاتی بەرینەوە و لەتاو ئەو کەمەندکێشـــیەیدا زمانی هیندی لەدەمدا نەماوە و بەزمانی ئێمە ( مەبەســـتی ماچۆیە) نـــزاو پاڕانـــەوە دەکات و داوێنـــی داودی خادیم ئەگرێت.

مەســـەلەی هەورامـــان و زمانی کوردی- هەورامی بۆ یارســـانەکان واجبی ئایینییەو دەبێت پێوەی پەیوەست بن و خودی سوڵتان بەشای هەورامان ناسراوەو هەر خودی حەزرەتی شای هەورامان بە پەیڕەوکارو یارانی دەفەرموێت:

هەرکەس جەوزش دان، هەرکەس جەوزش دان
نە دلی یاران، هەرکەس جەوزش دان
پەی کردەی ویەردە نەوو پەشیمان
دایم بواچۆ خوداما سوڵتان
دایم نام یار باران وە زوان
پەی رای سەرەو ویش بوەخشتانان
وەماڵ دنیا نەویش سەرگەردان
دایم بواچۆ سەرم سپاران
سەڵام هەن وەدەس شای هەورامان
هەرچی مەکەرو هەن سایەو سەرمان
ئیختیار وە ویشەن پەی ئاماو لوان

واتە:

هەرکەس سـەری سـپاردوە بەم ئایینـەو گوێزی سەرسـپاردنی شـکاندوە (ئەمە ترادسـیۆنێکە لەنـاو یارسـانەکاندا، دەبێت هەموو منداڵێک کە لەدایک دەبێت یان هەرکەسـێک ئایینی یاری قبوڵ دەکات مەراسـیمێکی لەجەم دا بۆ سازبکەن و گوێزی بۆ بشکێنن) لە رابردوی خۆی پەشـیمان نەبێت وهەمیشە بڵێت خودام سوڵتانەوهەمیشە ناوی ئەویان لەسـەر زمان بێت و لەرێگەی ئەودا سەریان ببەخشن وبەماڵی دونیا سـەرگەردان نەبن و هەمیشـە بڵێن سەرمان سـپاردوە و سڵاو دەنێرین بۆ شـای هەورامان و ئەو سایەو سـەرمانە و هاتن و چوون، مردن و ژیان بەدەست ئەوە.

# کاوی یەرەم

## مەژگە و بابەتەکەی

**مەژگە و بابەتەکەی:**

ڕابەرانی یارسـان لـە کرمانجـی ژوروو کەبە هەورامـی کەلامیان گوتووە

لەدەفتەرەکانـی یارسـاندا، بابەتێکی گرنگـەو حەزمکرد ئاوڕێکی لێبدەینەوە بۆئەوەی هەم وەک ئەڵقەیەکی ئەدەبی و هەم وەک ناساندنی ئەو بەڕێزانە لەروی شیعریانەوە.

ئەوانەی لەبەردەستدان ئەو کەسانەن لەدەفتەرەکانی یارساندا ئەوان بە ئێمە دەڵێن لەکوێوە هاتووین .

دیارە لەقۆناغی یەکەمی پەردیوەردا کە قۆناغی گەشەسەندنی ئایینی یارییە لەسەردەستی سوڵتان سەهاکی بەرزنجیدا لەزۆر شوێنی دونیاوە خەڵکـی رویان لە پەردیوەر کردوەو بەخزمەتی (شـای هەورامان[٢٩]) گەشتوون و ئەو ئایینەیان وەرگرتووە.

راچەنین و راپەڕین و دووبارە بوژانەوەی ئەم ئایینە لەلایەن سـان سـەهاکەوە سـەربازی ئەوەی ئاین بوو لەگەڵ ئەوەشـدا راپەرینێکی سیاسی میللی کوردی بوو لەسەدەی حەوتەم و هەشتەمی کۆچیدا دژی داگیـرکاران و ئەمەش دووەمین راپەڕینی یارسـانەکان بوو لەمێژوودا کە یەکەمیان لەسـەر دەسـتی موبارەک شـای لوڕسـتانی ناسراو بە (شاخۆشین) لە (٣٢٠-٤١٠)[٣٠] کۆچی رویدا.

سان سـەهاک لەپاڵ کارە ئایینییەکەیدا کاری رێکخستنی سیاسی و ئابووری و سـەربازی لەنێو پەیڕەوانیدا رێک خست لەسەر بنەماکانی رابردوو کە باوەڕی ئایینـی و ئازادیخوازی ئاوێتە کرد، پەیڕەوانی ئەم ئایینە، بەر لە سان سـەهاکیش هەمان دیدگایان هەبووە بۆیە دەڵێین لەسـەر بنەماکانی رابردوو، ئەوەتا بابا سەرهەنگی دەودانی لەسەدەی چوارەمی کۆچیدا وتوویەتی:

سەرهەنگ دەودان، سەرهەنگ دەودان
ئەز کە نامەن سەرهەنگ دەودان
چەنی ئێرمانان مەگێڵم هەردان

مەکۆشم پەڕێ ئایین کوردان

واتە:

من کە ناوم سەرهەنگی دەودانە و لەگەڵ شوێنکەوتوەکانمدا دەگەڕێم و دەکۆشم بۆ زیندووکردنەوەی ئایینی کۆنی کوردان.

کەواتە ئەم ڕێگایەی سـان سـەهاک ڕێگەی پێشـینەکانییەتی و توانیویەتی هەستی ئایینی و نەتەوەیی لەنێو لایەنگرانیدا بەهێز بکات.

دیارە ئامانجی سـوڵتان لـەم کارە دوو فاکتەر بووە، یەکەمیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەغۆلەکان کە لەوکاتەدا هێرشیان دەکردە سەر کوردان و و ئامانجی دووەمی پەیوەسـت بوونی یارانی بوو بەو ڕێکخستنەوە تا لەچوارچێوەی ئایینەکەیان لانەدەن.[٣١]

هەر ئـەم هۆکارە وایکرد کە ژمارەیەکـی زۆر پەیڕەوکار لەزۆربەی ناوچەکانەوە لە مەغریبەوە تا یەمەن و تا شـام و تا مەککە، تورکیا، بەسرا، بولگاریا، هیندستان و ئەفغانستان و چین لێی کۆ ببنەوە.

ئەوەی مەبەسـتی سـەرەکی ئەم نووسـینەیە ئەو پەیڕەوکارانەن لــە ئاخێوەرانی کرمانجــی ژوروون کە تەقلی ئـەم ئایینە بوون و لە (دەفتەر[٣٢]) ەکان ی ئەهلی هەقدا تێکستە ئایینییەکانیان بە شێوەی کوردی هەورامی نووسیوە.

ڕەنگە مایەی پرسـیارو سـەر سـوڕمان بێت چۆن ئەو بەڕێزانە بە هەورامی شیعریان نووسیوە؟

سـەرەتا گەرەک ئەوە بێژم کە ئەو تێکسـتانە لای پەیڕەوانی ئەو ئایینــە وەک دەقی پیــرۆز ناودەبرێن و هەرگیز وەک شــیعر چاویان لێناکرێت، ئەمەش بەو مانایە نییە شــیعر بەکەم تەماشا بکەن، ئەگەر ســەرنج بدەین تەواوی تێکستی یارسانەکان شیعرو پەخشانن، لێ لای ئەوان تێکستی کەلام پیرۆزی ئایینی هەیە.

ئێمە لێرەدا کارکردنێکی دوو ئاراستەمان کردوە هەم وەک تێکستی ئەدەبی و هەم وەک تێکستی ئایینی و مێژووی، وەک دەگوترێت یەکەم

دەقی نووسراوی کوردی تێکستەکانی باباتاهیری هەمەدانین[٣٣]، بەڵام بەچاوخشاندنێک بەکتێبە پیرۆزەکانی یارساندا ئەوەمان بۆ بەیان دەبێت کە زۆرپێشتر لە بابا تاهیر لەو کتێبانەدا تێکستی نووسراو هەیە.

ئەوەی لەم باسەدا دەخرێتە بەر دیدی خوێنەر خۆی سەرچاوەیەکی سەلمێنراوە، ئەو کەسایەتییانە لە ئەڵقە ئایینییەکانی یارساندا بوونیان هەیە و پێگەو ریزبەندیان دیارەو لە سەرەنجامدا ناوو تێکستەکانیان بوونیان هەیە و تەواوی پەیڕەوکارانی ئەم ئایینە ئەوانە وەک رابەرانی ئایینی خۆیان دەزانن و هەرکام لە پلەو پایەیەکدان.

لەو پایانە (هەفت خەلیفە، هەفت گۆزەچی، هەفتاو دوو پیری هەورامان، نەوەدو نۆ پیری شاهۆ) کە هەریەکەو پایەیەکی تایبەتییە.

ئەگەر سەرنج بدەین ژمارە هەفت یان حەوت زۆر دووبارە بوەتەوە، حەوت لەزۆربەی گەلانی کۆن بەگشتی و گەلانی رۆژهەلات بەتایبەتی گرنگی خۆی هەیە، لەئاینی میترایسمدا ژمارە حەوت کامڵترین و باڵابوونی کەسی باوەڕدارە لەو ئایینەدا، کە پلەی پیرە[٣٤]:

پیر: دوا قۆناغی ئەو پلانەیە و کاتێک کەسێک دەبێت بە پیر زەماوەندی بۆ سازدەکرێت و بڕوام وایە (زەماوەندی پیرشالیار) کە هەرساڵ لە دولای زستاندا لەهەورامانی تەخت بەڕێوە دەچێت پاشماوەی ئەم ئایینە بێت[٣٥].

## هەفتاو دووپیری هەورامان[٣٦]

هەفتـــاو دوو پیر لە جوملەی یارانی ســـان ســـەهاکی بەرزنجین و هەریەکەیان لەسەرزەمینێکەوە هاتوون و بەزوانگەلی جیاوازوو نەتەوەو نەژادی جیاوە هاتوونەتە هەورامان و چونەتە پەردیوەرو لەویٚ لەحزوری ســـولٚتاندا فەیزیان وەرگرتوەو بـــە هەورامی کەلامیـــان وتوەو گۆیان کردگە.

چیرۆکی ئەم هەفتاو دوو پیرە لە دەفتەرەکانی یارســـاندا بەمجۆرە باسکراوە:

کاتێک ســـولٚتان زێدی خۆی لەبەرزنجـــە جێدەهێڵێت لەگەڵ هەفت تەندا بەڕێدەکەون، حەفت تەن بریتین لە حەوت فریشتەی نزیکی سان سەهاک کە (داوود، پیرموسی، بنیامین، رەمزبار، رەمز (شا ئیبراهیم)، راز (باوە یادگار).

ســـەرباری دەوڵەمەندی خانەوادەی شێخ عیســـای بەرزنجی بەڵام ســـولٚتان کە دێت تەنها (قالٚیچە، سفرە و خوان) لەگەڵ خۆیدا دەبات و لەو کاتەدا باوەژنی سولٚتان بە هەرسیٚ کوڕەکەی کە (قادرە، خدرە، سلامەت) دەڵێت: هەرچی بی سەهاکە چەنی ویش بەردش).

لەو کاتەدا هەرسیٚ برا باوکییەکەی سولٚتان بە لەشکرێکەوە دەکەونە شـــوێن براکەیان و یارانی، کاتێک هەســـت بە زۆری لەشکرەکە دەکەن لەنزیک کێوی ســـورێن سان سەهاک سەیری چیایەک دەکات و بەهێزی چاو ئەشـــکەوتێکی لێدروست دەکات و ئیسە بە (مەڕەنۆ[٣٧]) ناسراوە، لەوێدا لەلایەن لەشکری (چیچەک)ەوە گەمارۆ دەدرێن، هەفتاو دوو پیر وەک ســـەرباز لەناو ئەو لەشـــکرەی چیچەکدا دەبن، سولٚتان بە داوود دەڵێت زێڵیان وەئاگا بێنە، و داوای لێدەکات لەژێر قالٚیچەکەوە مشـــتیٚ خۆڵ دەربکات و بیوەشێنێت بەڕوی لەشکرەکەدا.

مشتیٚ خاک وەردار نەژێر قالٚیچەی دیمشقی
بپاشە پەریٚ قەومی دەمەکی و چیچەکی

کاتێــک ئەم کارە دەکات تەواوی ئەوکەســانە کە ژمارەیان هەفتاو یەک کەســـە و هەفتاو دووەمینیان پێشتر بە فەرمانی (قادرە) کوژرابوو کەناوی (رەشــید) بووە، ئەم هەفتاو یەک کەســـەو شــوێنکەوتوانیان لەراســتی مەســـەلەکە دەگەن و لە ســوپای چیچەک هەڵدەگەڕێنەوەو سوپاکە شکست ئەخوات.

پـــاش ئەوە ئەو هەفتاو یەک کەســـە ئیزن لە حەزرەتی ســولّتان وەردەگرن و دەچنەوە ماڵەوە بۆ پشودان، بەفەرمانی سولّتان، مستەفا داودان کە فریشـــتەی رۆح کێشـــانە رۆحی ئەوان دەکێشــێت و لەگەڵ گەیشتنی شای هەورامان و یارانی بە پردیوەر جارێکی دیکە هەفتاو دوو پیر لە دۆنێکی تردا دەردەکەونەوە.

**پێگەی هەفتاو دوو پیر لە ئاینی یارساندا[٣٨]:**

لە ئاینی یارســـاندا داوود بە وەکیل و ڕێنما ناسراوەو ئەو پێگەیەی هەیـــە، هەفتاو دوو پیر وەکیلی داوودن، ئەمانە ئیشـــی دەلیل دەکەن لەناو یارانـــدا نەک پیر، یەکێک لەکارەکانیان لـــە ئاینی یاریدا ئەوەیە دەســـگیری و ڕێنوێنی یارانن و چرای ڕۆشنکەرەوەی ئەو کەسانەن کە زێڵیان ڕۆشن دەبێتەوەو دێنە ناو ئەم ئایینەوە.

هەفتاو دوو پیر هەریەکەو خاوەن دوو جۆر کەلامن:

١- کەلامـــی یەکەمیـــان ئەوەیـــە کـــە گەواهـــی دۆنەکانی پێش خۆیـــان دەدەن لـــە جیهانـــی ڕۆحانییەتەوە (مەلەکوتـــوە) تا قۆناغی پەردیوەر (دەرکەوتنیان) و ئەو ئەو ئەرکانەی لەســـەرەتای خەلقەتەوە (الست) تا کاتی دەرکەوتنیان کە پێیان سپێردراوە.

٢- کەلامی دووەمیان بریتیە لە ئەرکانی ئایینی و پەند و ســـەربوردە کە هەریەکەیان پڕە لە ڕەمزو ڕازی بەرفرە.

**یارسان و بەکتاشی و عەلەوی**

دەروێش نەورۆزی سۆرانی مەرەمو:

ئەر کەچم واتەن شا دادەن بەشم

تاجر نەحوجرەی حاجی بەکتەشم

واتە: ئەگەر من هەڵەیەکم کردوە یان خرابم گوتووە ئەوە هۆی کەم شـــارەزایی منە چونکە من شـــاگردم لەحوجرەکەی حاجی بەکتەشدا، لێرەدا مەبەست لەحاجی بەکتەش، سوڵتان ئیسحاقی هەورامانە.

لەســـەدەی حەوتەم و هەشـــتەمی کۆچی ئەوکاتەی ئایینی یارسان لەهەوراماندا گەشە دەســـەنێت، پیربنیامین رودەکاتە تورکستان و لەو وڵاتەدا دەست بە چالاکی ئایینی دەکات.

لەتورکیـــادا بەکتـــاش و عەلەویـــەکان وەک دوو رێبـــازی ئایینی بەنهێنی ســـیریمونیای ئایینی خۆیان ئەنجام دەدا بەتایبەت لەدەورانی عوســـمانییەکاندا، هەرچەند ئەوکاتە لەناو (یەنی چری)سوپای تورکیا، بەکتاشـــییە لە برەودابوو، دەوڵەتیش پشـــتیوانی لێ دەکردن، ئەمانە زیاتر لەناوچەکانی (رۆم ئیلی) دەژیان .

تورکەکان ئەمەیان بەکار هێنا و بەئێستەشەوە ئەوەیان بڵاوکردەوە کـــە حاجی بەکتەش تورکە، ئەویش بەســـود وەرگرتن لەنفوزی ئایینی حاجی بەکتاش لەناو (یەنی چری) دا.

بەم کارە عوســـمانییەکان لەو ســـەردەمەدا و میراتگرەکانیشیان تا ئەمڕۆ دەیانەوێت کێشـــە لەنێوان بەکتاشیە و عەلەوی دروست بکەن و حاجی بەکتاشـــیش وەک تورک نیشـــان بدەن بۆ ئەوەی لەلایەن کورد و عەلەویەکانـــەوە دژایەتی بکرێت، لەکاتێکدا هیـــچ پەیوەندییەکی بە تورکـــەوە نییەو بەپێی باوەڕی ئایینی یارســـان حاجـــی بەکتاش هەر هەمان سوڵتان ئیسحاقە.

حاجی بەکتاش ناوی تەواوی (محەمەد ئیبراهیم موسای خوراسانییە) و لە نیشـــاپور هاتوەتە دنیاوە، لای یارســـانەکان حاجی بەکتاش هەر هەمان ســـوڵتان ســـەهاکی بەرزنجییە و لەپەردیـــوەر غەیب دەبێت و

لەباکوری کوردستان دەردەکەوێت و ڕێبازی بەکتاشییە دادەمەزرێنێت، وەک ئەوەی لە کتێبی پیرۆزی (ســـەرەنجام) دا پیر سلێمانی کەوەلانی کە یەکێک لە حەفتاو دوو پیری هەورامانە دەفەرمویٚ:

ئەو بەکتاشیان، ئەو بەکتاشیان
بارگەی شام وستەن ئەوبەکتاشیان
نەپەردیوەردا شام وستەن سرٚخان
نەحاجی بەکتاش بروزدا نیشان
نیاش تەریقەت دین عەلەویان
هەفتەنان چەوگا یورتشا زیان
(قاياقسز) بنیام چەوگا بی عەیان
(گول بابا) داود میرد ڕوی مەیدان
(شاهین) بیانی موسیٚ دەفتەر خوان
موستەفا چەوگا نامی شبی (عوریان)
رەمزبار بی عەبدال ئیسمش بی (ویران)
زەردەبام (غەزەڵ) (دەدە) بی سوڵتان
ئەیوەت نامش بی(توراب) ئەو زەمان
هەفتەنان ئید بی چەوگا یورتشان
پادشام هەروەختیٚ ڕەنگیٚ دانیشان

واتە: بارگەی ســـوڵتان ئیسحاق ئێســـتە لەناو بەکتاشییەکاندایە، شـــا لەپەردیوەردا خـــۆی پەنهان کردو هاتە ئێرە لەحاجی بەکتاشـــدا دەرکەوتەوەو لێرە بناغەی تەریقەتی عەلەوی دانا و حەوت تەنیش لێرە دۆنیان بەمجۆرە دەرکەوت

قایاقســـز بوویـــە دۆنی پیر بنیامیـــن و داوودیش لە گـــوڵ بابا دا دەرکەوت شـــاهین لەجێگەی موســـی دەفتەردارەو عوریانیش موستەفا داودانـــە، وێران یان (عەبدال) دۆنـــی خاتوونی رەمزبارە، غەزەڵ دۆنی بابا یادگارە کە بە (زەردەبام) ناســـراوە، ئەیوەت کە (شـــا ئیبراهیمە) لەدۆنی (تورابدا) یەکێکە لەحەوت فریشـــتەکانی حاجی بەکتاش، ئەمە

ئەو حەوت تەنە بوون کـــە لێرە لەپەردیوەری هەورامان خۆیان پەنهان کرد و لەوێ دەرکەوتن، پادشام هەر کاتێک رەنگێک نیشان دەدات.

سەید ئەکابری خاموش لەسەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە و کاتێک سوڵتان لەدۆنی حاجی بەکتاشدا دەردەکەوێت، ئەویش چون دۆنی پیر بنیامین بووە دەبێتە دۆنی قاپاقسز وەک لەم کەلامەدا مەرەموو:

هەنەم تەجەلی، هەنەم تەجەلی
خاموشەنانیو هەنەم تەجەلی
وەختی شام نەدون ئەوبەکتاش وەلی
قاپاقسز ئەبدال بیم پیر ئەزەلی (٣٩)

واتە: من خامۆشم و تەجەلیم هەیە، کاتێک شام (سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجی) لەدۆنی حاجی بەکتاشـــی وەلیدا دەرکەوت من دۆنی قاپاقسز بووم.

حاجی نیعمەتـــوڵای وەلی لەکتێبی (حق حقایق) یان شـــاهنامەی حەقیقەتیشـــی پێدەگوترێـــت، لەبـــارەی حاجی بەکتاشـــی وەلییەوە دەفەرموێت:

لەجیهانی غەیبەوە سوڵتان خۆی لە حاجی بەکتاشی وەلیدا نیشاندا، وەک داوود خۆی دەرخســـت لەســـیمای حاجی بەکتاشـــدا و ئەو بویە خـــاوەن زەمان و ســـوڵتان و یارانی لەپەردیوەر غەیـــب بوون، هەفت تەن کە هەمیشـــە لەگەڕاندان ئەوانیش لەگەڵ زاتی حەقدا کە لەحاجی بەکتاشـــدا میوان بوو، ئەوانیش هەفت فریشتەی حاجی بەکتاش بوون، لەوێدا حاجی بەکتاش لەتەن و رۆحی داوود و میوانی شـــای هەورامان بووە

خشتەی دۆنی سوڵتان و هەفت تەن لەدەورەی بەکتاشییەدا

| ز | لە دەورەی پەردیوەردا | لەدەورەی بەکتاشیا |
|---|---|---|
| ١ | سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجی<br>( شای هەورامان) | محەمەد ئیبراهیم موسای خوراسانی<br>(حاجی بەکتاش) |
| ٢ | پیر بنیامین | قایاقسز |
| ٣ | داوودی کەوسوار | گوڵ بابا |
| ٤ | موسی دەفتەردار | شاهین |
| ٥ | موستەفا داودان | عوریان |
| ٦ | خاتوونی رەمزبار | عەبدال |
| ٧ | بابا یادگار (یارزەردەبام) | غەزەڵ |
| ٨ | شا ئیبراهیم (ئەیوەت) | توراب |

**عەلەویەکان لەناوچەکانی (سـیواس، دێرسـیم، تکە، زولقەدەر[٣٩]) نیشـتەجێن و ئەمانەش زۆربەی ترادیسۆنە ئایینییەکانیان وەک ئەوەی یارسانە، جەم لەلای عەلەویەکان هەمان جەمی یارییە، (سەماع) چۆپی رەمزبارە، سمێل و هتد...**

**لەقۆناغی دووەمی پەردیوەردا لەدەرکەوتنی خان ئاتەش ودەرکەوتنی کەسـانی وەک (شـاوەیس قولی و قوشـچی ئۆغڵی و محەمەد بێگ) لەناوچـەی تورک نشـیندا زیاتر زەمینەی چەسـپاندنو برەوی ئایینی یارسانی داوە و لەبەرگی عەلەویە و بەکتاشیەدا دەرکەوێت.**

**هەربۆیـە دەبینیـن لەنـاو عەلەویەکاندا بنەماڵـەکان هەر هەمان بنەماڵەکانی یارسـانن وەک (ئەبدال بێـگ، ئاتەش بێگ، نەبی لی.... هتد)**

# کاوی چوارەم

## رابەرانی یارسان لە کرمانجی سەرودا
## کە بە هەورامی تێکستیان نووسیوە

## ٩- مەلا روکنەدینی دیمەشقی (پیرموسی)

یەکێکە لەکوردەکانی شام و بەپی بەڵگەنامەکانی دیوانە گەورە ساڵی ٦٥٦ ی کۆچی لە دیمەشـــق هاتوەتە دنیاوە و سەرەتا خەریکی زانستە ئایینییەکانی ئیسلام بووە، دواتر روی کردوەتە شارەزوور بۆ فێربوونی زانست و لەوسەردەمەدا ئایینی یارسان لەبرەو سەندندا دەبێت، ناوبانگی سوڵتان ئیسحاق دەبیستێت بۆیە رودەکاتە پەردیوەری هەورامان و سەر بە شـــای هەورامان دەســـپرێت و دەبێتە یەکێک لە حەوت فریشـــتەی پیرۆزی نزیکی ســـوڵتان ئیسحاق، واتە دەبێتە یەکێک لە (هەفت تەن) ان، پیرموســـی بە (موسی دەفتەردار)، (موســـی قەڵەم زەڕین) یش ناســـراوەو فریشتەی تۆمارکردنی خێر و شـــەڕی مرۆڤەکانە، سوڵتانی هەورامان لەم بارەیەوە ماچۆنە:

یاران پیر موسی، یاران پیر موسی
قەڵەم هەن وەدەس روکنی پیر موسی
گردو کردارا ئادش منویسی
خاسان وەخاسان پیسان وەپیسی

واتە: یاران و شـــوێنکەوتوانم، قەڵەم وابەدەســـت پیر موسییەوە، هەمـــوو کـــردارەکان ئەو تۆمـــاری دەکات، بۆ چاکـــە کاران چاکەو بۆ خراپەکارانیش خراپە.

پیرموسی لەساڵانی کۆتایی تەمەنیدا دەچێتە (کرند) و لەوێ کراس دەگۆڕێت (لای یارســـان کاتێک کەســـێک دەمرێت باوەڕیان وایە تەنیا کراسێک دەگۆڕێت و رۆحەکەی لە کەسێکی تردا دەردەکەوێتەوە).

دۆنەکانی پیرموسی لەچەند دەورەیەکی جودادا:

لە (دەورەی شا فەزڵ)، (زەکەریا) دۆنی (پیر موسی) یە.

لە (دەورەی بەهلول)، (بابا نجوم) دۆنی (پیر موسی) یە.

لە (دەورەی شاخۆشین)، (پیرشالیار) دۆنی (پیر موسی) یە.

لە (دەورەی بابا ناوسی سەرگەتی)، (ساڵح) دۆنی (پیر موسی)یە.

لە (دەورەی بابا سەرهەنگ )، (قەیسەر) دۆنی (پیر موسی) یە.

چەند نموونەیەک لە کەلامەکانی پیر موسی:

بنیام ها وەپیش، بنیام ها وەپیش
پیر شاە و پیشەن بنیام ها وەپیش
فەردا پای حەساو ئەو رای کیشا کیش
داود کەمەربەند روزشا چنیش

یان ماچۆنە:

ئەو فتوای پیر بو، ئەو فتوای پیر بوو
جەمیار جەم بۆ موهرش نەویر بۆ
هیمەت بەستەی نەسیر و میر بۆ
شەرتی ئەو هیمەت فتوای پیر بۆ
سەبتش دەفتەرەن وەئیقاری ویش
فەردا روی حەساو پای کیشا کیش
یاران وە هیمەت بکیشن وەکیش
بنیشۆ وەجەم وەئیقرار ویش

واتـــە: بەفتوای پیران بێـــت، ئەوانەی یارن لەجەمدا نیشـــانەکانی یارییـــان لەبیر بێت، هیمەت لەپیر وەرگرن، شـــەرتی یاری فتوای پیر بێت،لەدەفتەری ئەزەلدا شەرت و پەیمانی خۆی تۆمار کردبێت بۆئەوەی رۆژی حیســـاب کێشمە کێشـــی توش نەیەت، یاران لەجەمدا کۆببنەوە بۆئەوەی شەرتی خۆتان بەجێگە بگەیەنن.

**٢- شێخ ئەمیری موسڵی:**

نیوەی دووەمی سەدەی یانزەی کۆچی لەموسڵ لەدایک بووە، یەکێکە لە حەوت فریشـــتەی دەورەی (سەید فەرزی گۆران)، کەلامەکانی شێخ ئەمیر بایەخێکی ئایینی گەورەیـــان هەیە و بەجوانی بنەواکانی ئایینی شیکردوەتەوەو وەک شیکەرەوەی سەرەنجام دەناسرێت.

شـــێخ ئەمیر لەناو یارساندا وەک (زات میوان) ناسراوە، زات میوان ئەوانەن زاتـــی بنیامین میوانی بووە، بنیامین فریشـــتەیەک لە حەوت فریشتە نزیکەکەی شای هەورامان و پیری شەرتی یارسانە، وەک خۆی لەم کەلامەدا ئەفەرموێت:

رۆم چون پەروانە پەرواز کەرد نەسەر
یاهو بەر قەدەم تەخت ئەرە نەر
دڵ مەست مەدهۆش وەبۆی مەستەوە
شیان ئەو قاپی سڕ وەدەستەوە
سوجدە ئەستانە قاپیم بەرد وساف
بەرشیم نەی خەرقە چەتر بێ تەناف
شیام وە دەفتەر باش دەفتەران
سەردار یەکی بێ جە باڵای سەران
تاویام وەتاو شەرارەی جەمدا
داخل بیم نەپای ئەو قاپی جەمدا

واتـــە: رۆح وەک پەروانـــە هەڵفڕی و بە یاهو کێشـــانەوە هەنگاوی هاویشـــت، دڵ سەرمەستە بەبۆنی خۆشی ســـڕ و میواندارییەوە، لەوێ سوجدەی شـــوکرم برد لەو قاپییەدا و لەو بێدەسگیرییە دەربازم بوو، گەیشـــتمە دەفتەری باش دەفتەرداران (مەبەســـتی ســـەرەنجامە) و ســـەردارەکەم لەباڵای سەرداران بەرزتر بوو، لەوێدا توامەوەو فەنا بووم لەئاگری جەمدا....

یاگێو تەرەنە فەرماوونە:

مـن هەم وە ئومید پیرەمەردەوە
وەعەهد ئیقرار بەستەی شەرتەوە
شەرت وینەی زینهار بەستم نەکەمەر
مەجنون بیدی چیسەر تا ئەوسەر

واتـــە: مـــن وام بە ئومێـــدی پیرەکەمەوە، ئەوەتام وابەســـتەم بە شەرتەکەمەوە، شەرت وەک پشتوێن بەستومەتە کەمەرم، مەجنوون بن لەمسەر بۆ ئەوسەر، ئەمە ی باسی مەجنوون دەکات ئیشارەتە بۆ زاتی بنیامین، چونکە مەجنوون تەجەلی بنیامینە.

**٣- خەلیفە ئەمیر بەردەڕەشی:**

هیچ شـــتێک لەبـــارەی ژیانییەوە نییە و ئەوەندە هەیە لەســـەدەی حەوتەم و هەشـــتەمدا ژیاوەو لە بەردەڕەشی نزیک زێی خازرەوە بەرەو پەردیوەری هەورامان ڕۆشـــتوەو ســـەری بە ئاییینی یارسان سپاردوەو بوەتە یەکێک لە حەوت خەلیفەی سوڵتان.

لە ئاییینی یارســـاندا لەنێوان هەموو بازنە ئاییینییەکاندا کەســـەکان باسی دۆنەکانی خۆیان دەکەن کە پێشتر لە دۆن و جامەی کێدا بوون، چونکـــە ئەو گەڕانی ڕۆحە بە هەزار یەک دۆندا نیشـــاندەری ئەوەیە کە نمای خۆی پێشـــتر لە کەســـانی تردا دیوەتەوە، ئەمە نەک لە خەڵکی ئاســـاییدا بگـــرە خاوەندکاریش دۆن بـــەدۆن دەگۆڕدرێت وەک ئەوەی سەرەتا خاوەندکار بووە و بەمجۆرە (یورت[٤٠])ەکان گۆڕاون:

١- خاوەندکار، ٢- مەولا عە لی، ٣- شاخۆشین، ٤- سان سەهاک
٥- قرمزی (شاوەیس قولی)، ٦- محەمەد بەگ، ٧- خان ئاتەش

کەواتە یارانیـــش دۆن بەدۆن تا ئەوەی هاتـــوون دیارییان کردوە، خەلیفە ئەمیری بەردەڕەشی لەم بارەیەوە دەڵێت:

زیام نە بەردەڕەش، زیام نە بەردەڕەش
ئازیز وەنامت زیام نە بەردەڕەش
ئینا مەوانی كۆی ئەزەڵین بەش
ناخوانو دەیجور نامێم بی مەیەچەش
وەرنە بەشەری نامێم بی زەڕ كەش
سازامان ماچین قاڵبو كەللەش
پۆسو قاڵب پۆش مەندیل مونەقەش
ئەزێ مەتەنێم چا كەڵافو كەش
یانە بی تەمام حەوای بیم مەهوەش
چەنی بەشەر جفت بیشان نا دووشەش
بیم وە فەرزەندشا نامێم بی زەڕهەش
یورت وە یورت ئامایم پەی وەرەو حەق فەرش
تا جەمەدینە نوورمان بی پەخش
هەم چا كەربەلا بی نامێم حندش
سەردام نەڕاگەو دوو لیف سەرنەخش
حەسەن و حوسەین جام جەمین وەش
وەش بی كام نوور هەردوو چا شەش تەر
چا لوڕستانی نامێم بی مەنجەر
شاگرد وە عەزیز بیام چا بەشەر
ئیگایش نە شاهۆ بیما باخەوەر
خەوەرمان دانا نەڕای ئەزەڵ ویر
عەبدو دڵ ڕۆشن ناميما ئەمیر

واتە: لەبەردەڕەشـــەوە هاتووم، ئازیز بەناوی تۆوە لەبەردەڕەشەوە هاتووم، ئەوەتا لەســـەر کێوی ئەزەلەوە ئەو بەشـــانە دەخوێنمەوە کە بۆم دیاری کراون، لەخوانی دەیجوردا ناوم مەیەچەش بووە، بەر لەوەی لەدۆنـــی مرۆڤدا بم (بەر لە ســـاجناری) ناوم زەڕکـــەش بووە، لەوێ (دەورەی خەلیقەت)، قالّبی مرۆڤمان دادەڕشت، پێستی قالّب پۆش و مێزەرەری رەنگاو رەنگمان دەســـازاند و من لەوێدا کلاّفەکانم دەتەنی، کە کاری ســـازانی دونیامان تەواوکرد و لەوێ حەوا خولقا و ئیتر مرۆڤ کەوتنە لەزەتەوە، دوای ســـازانی ئینسانەکان من بومە نەوەی ئینسانە یەکەم ئافرێنراوەکان و ناوم زەڕهەش بوو، دۆن بەدۆن هاتم بەرەو سەر فەرشی حەق، لەمەدینە (دەورەی شەریعەت) نورو رۆشنایم بلاّو بویەوە، لەکەربەلاشـــدا ناوم حەندەش بوو، یەکێک بووم لەوانەی سەرم بەخشی بە رێگای دوو برای سەرنەخشین (مەبەست لە حەسەن و حسەینە).

دواتر لە لوڕستاندا (دەورەی شاخۆشین) دەرکەوتمەوە و لەوێ ناوم مەنجەر بوو، لەقوتابییەکانی عەزیز (مەبەســـت لە شاخۆشینە) بووم، ئیســـتاش لەشاهۆ (دەورەی حەقیقەت) بەخەبەر بوومەوە و خەبەرمان دا (قســـەمان کرد) لەرێگـــەی بیری ئەزەلّی (حەقیقەت) و ئێســـتاش عەبدێکی دلّ رۆشنم و ناوم (ئەمیر) ە.

ئەگەر ســـەرنج بدەین تەواوی قۆناغەکانی تێدا بەرچاو دەکەوێت و ئەمەش مانای ئەو سوڕانە بەردەوامەی ژیانە لای یارسان.

### ٤- دەدە رەجەب ئەرزەرۆمی

ئەوەندە هەیە بەپێی تێکستەکەی خۆی کە لەبەردەم سولْتاندا گەواهی خۆی و دۆنەکانی دەدات و دەلێت لە ئەرزەرۆمەوە هاتوم، لەسەدەی حەوتەم و هەشتەمی کۆچیدا ژیاوەو پایەی هەفت گۆزەچی هەبوە لە ئایینی یارساندا.

زیام نە ئەرزەرۆم، زیام نە ئەرزەرۆم
ئازیز پەی دینت زیام نە ئەرزەرۆم
ئادام جەواهیر، بابۆمەن مەختوم
چا كۆی ئەزەڵ ئینا مەوانم
نامێم بی تەهار نادەیجور هووم
گۆزەچیت بیانام ناجەمو عمووم
وەنار قاڵبی نامێم بی سمووم
نبات ئادیوان قاڵب ئاشووم
چوار عەناسرت سازنا نەچوار زووم
عەناسر وەتێغ نە چوار بەدیووم
سەفرا نە یەزید زیا پەی وەویشووم
سەودانە شمر زیا پەرێ یووم
بەلغەم زیا نەبەلغ مایەی بن ملجووم
نازەهەب خان زیا نە جارسووم
ئی چوار بی دوشمەن ئەرواح مەرقووم
مەدەران ئازار رۆح پاك مەزڵووم
وەی چواردە چینو ماچین بی مەوسووم
تا هەردوو جفت بی پەی جەفای مەعسووم
بیم وە فەرزەندشان نامێم بی قەیووم
نوخت وە نوخت ئامایم نەی وەرەو رسووم
نا كەربەلا بیم موحەمەد مەجرووم

سەرەدام نە رای دوو تویڵ حەق رقووم
حەسەنو حوسەین بەرقۆ کۆی ئەنجووم
هەم چا لوڕستان نامێم بی مەلووم
باش وەسیلەچیت بیم چەسپای یاهووم
شەش شاگردم بی ناوەر ئەرجووم
ئیگایش نە شاهۆ دیم شای سەر ئوردووم
ئۆردومان نەغەیب هەر هانە عەقەب
عەبد وەبی دهو نامێما رەجەب

واتـــە: بەر لەوەی قاڵبم لەئاگردا ســور بکرێتەوە ناوم (ســمووم) بـــوو، ئەو کاتـــەی چوار رەگەزت خولقاند (ئاو، خـــاک، هەوا، ئاگر) و ئەمانە کەرەســـەی ئەفراندنی دنیاو مرۆڤن، لەو کاتەدا چوار کەس وەک وەیشـــومە دروست بوون، (یەزید، شـــمر، بەڵخەم، نازەهەب) و ئەمانە بونە مایەی ئازاری رۆحەکان و کەسانی پاک و مەزڵوم ئازار دەدەن.

لەچین و ماچیندا دووان جوت بوون بۆ جەفای بێتاوانان و من بومە کوڕیان و لەوێ ناوم (قەیوم) بوو، هەنگاو بەهەنگاو هاتم روەو پێشەوە تا لە کەربەلادا ناوم (موحەمەد مەجرووم) بوو، لەوێ ســـەرم دا لەڕێی حەسەن و حســـەیندا و دواتر لە لوڕستاندا لەدۆنی کەسێکدا دەرکەوتم ناوی (مەلووم) بوو، لەوێ لە سوپای (یاهووم) دا من باش وەسیلەچی بووم، لەوێ شـــەش شاگردم هەبوون، ئیستەش لێرە لەدامێنی شاهۆدا شای خۆمم بینی و هەمیشـــە هێزمان لەپێشکەوتنایە و من بەندەیەکم ناوم (رەجەب) ە.

## ٥- پیر خەلیلی موسڵی

خەلیل کوڕی عەبدولقادری موسڵییە و بەپێی کتێبی -دیوانە گەورە- [٤١] ساڵی ٦٥٤ لە موسڵ لەدایک بوە، پاشان بۆ خوێندن هاتوەتە شارەزوور و لەلای مەلا ئەلیاسی شارەزووری زانستی (حیکمەت) و (حەدیس) ی خوێندووە [٤٢] و ئەو دەورەیە قۆناغی گەشەسەندنی ئایینی یاری بووە و هەر لەو سەردەمەدا عابدینی جاف و نەرگسەی شارەزووری واز لە بەرەی مەلاکانی شارەزوور دەهێنن و دەچنە بەرەی ئایینی یارییەوە، پیر خەلیلیش وەک ئەوان رودەکاتە پردیوەر و بەخزمەت شای هەورامان دەگات و لەوێ سەر دەسپێرێت و ئەبێتە یەکێک لە ٧٢پیر ساڵی ٧٤٢ جامەی خۆی دەگۆڕێت. بۆرەکەیی لە بەرگی یەکەمی مێژووی وێژەی کوردی، دەڵێت: ماوەیەک لای سان سەهاک ماوەتەوە تا خەرقەی لێوەرگرتووەو ئەوسا گەڕاوەتەوە زێدو مەڵبەندەکەی خۆی و خەریکی رێنمونی خەڵک و پەرەپێدانی رێ و رچەی یاری بووە، تا ساڵی ٧٤٢ کۆچیدا کۆچی دوایی کردوەو هەر لەوێدا نێژراوە. [٤٣]

ئامام جە موسڵ، ئامام جە موسڵ
ئازیز وەی توولت ئامام جە موسڵ
مەدەی گەواهی ئەزەڵێن موشکڵ
نامێم وەرقا بی وەرنە گشت مەنزڵ
چا سەر ئەندیلەدا نامێم بی سنبڵ
تەن وەتەن ئامایم تا کوفەو باتڵ
چا رۆی کەربەلا ماجەرای بیداد
چاگا بی نامیم زەید بن عەواد
عەواد ئەنساری حارس بو جناد
سەر دانم نەعەشق دوو برای نەوشاد
حەسەنو حوسەین نوور سەر بنیاد
هەم چا لوڕستان نامێم بی جەزاد

یاهو کێشت بیم ئەزیش چا سپاد
ئیگایش نەی هوزوور دیم شای مەرگوزاد
شاد بیمان وەجەم شەوقو پاک نهاد
چەی پردیوەردا جەم بیمان جەمات
جەماتو یەک رەنگ داودەن دەلیل
هەم پیوەن بیمان وە دام جەلیل
بەر شیام چەدین خاران سەفیل
عەبد وەبێ فتوور نامیما خەلیل
هەم وە ئەمر تۆ شای نوورین نیقاب
دریان وەدەستم کۆنگرەی ئافتاب

واتە: ئازیز من لەموسڵەوە هاتووم، تۆ گەواهیدەری هەموو شتەکانی، بەر لەوەی هەموو مەنزڵەکان بخولقێن من ناوم (وەرقا) بوو، دواتر بوم بە

(سنبڵ) و دۆن بە دۆن هاتم تا کوفە.

لەکەربەلادا کاتێک ماجەرای بێدادی کرا من ناوم (زەید بن عەواد) بوو ســـەرم بەخشی لەڕێگەی دووبرای ناشاد دا، لە لوڕستانیشدا لەدۆنێکدا بووم بـــە ناوی (جەزاد) و لەوێ من بانگـــی هاتنی تۆم دەدا، لێرەش لەحزوری شـــادام، لەپەردیوەردا جەمی شادیمان بەست و لەوێ داوود دەلیل بوو، ئیســـتە ئێمە پەیوەستین بە ئایینی چاکانەوە و لە ئایینی تاوانکارانی کەمنرخ دەرباز بووین و ئێســـتا بەندەیەکم ناوم (خەلیل) ە و بەفەرمانی تۆ خۆر لەدەست مندایە.

## ٦- پیر حوسەین[٤٤]، پیر حەسەن[٤٥]، چین[٤٦] ئیستامبولی

بەڕێز تەیب تاهیری بە (حوسـەین) ناوی هێناوەو لە دەورەی بارگە بارگەدا بە (حسـن) و لە دیوانەگەورەی سـید محمدی حسینی دا بە (چین) ناوی براوە.

شـتێکی ئەوتۆ لەبارەی ژیانی ئەم شاعیرەوە نییە ئەوەندەی هەیە وەک لە تێکستەکەی خۆیدا هەیە کە خەڵکی ئەستەمبوڵەو دواتر سەری سـپاردووە بە شای هەورامان، بەپێی قۆناغی سەرسپاردن و وەرگرتنی ئایینی یاری بێت ئەوا لەنیوان سـەدەی حەوتەم و هەشـتەمی کۆچیدا ژیاوەو بوەتە یەکێک لە حەفتاو دوو پیری ئایینی یارسان.

ئـەوەی گرنگـە کە بپرسـین چۆن لـە ئەسـتەمبوڵەوە هاتوەتە هەورامان؟

لەو دەورەیەدا شارەزوور مەڵبەندێکی گرنگی ئایینی بوەو زۆرێک لە هەوادارانی زانست و فێربوونی زانستە ئیسلامییەکان رویان لە شارەزور کردوە و لەو قۆناغەدا ئایینی یاری برەو دەسـەنێت و بەرەی مەلاکانی شـارەزوور لاواز دەبێـت و زۆرێک لەوانە رودەکەنـە پردیوەرو ئایینی تازەی سان سەهاکی بەرزنجی قبوڵ دەکەن و پێدەچێت لەو دەمەدا لە شـارەزوور خەریکی خوێندنی ئایینی بوبێت و دواتر سەری سپاردبێتە ئایینی یاری.

زیام نه ئەستەموڵ،........
ئازیز وەی جەوزت زیام نە ئەستەموڵ
مەدەی گەواهی ئەزەڵین ئسوڵ
نامێم فەخرا بی وەر نە کۆی بێ کۆڵ
چا سەر ئەندیلە نامێم بی زەڕ سوڵ
دۆن وەدۆن ئامایم پەی وەر ڕاگەو پۆڵ
تا زو هوور بیمان چا کوفەی بەد هوڵ
کە دەورمان وەرد نە دەور یەک موڵ
نە دەس بەدان وەردیم سفتو سوڵ
فەرمانو یەزید نەکردمان قەبوڵ
قەبووڵمان نەوی تەپل شمری کۆس
تاکە سەرمان دا بەدان بێ مەئیۆس
چا ڕۆی کەربەلا ڕەزم پیشو پوس
نامێم بی سەید نا جەنگو ناموس
ئیبنو عەبدوڵڵا بیم موسای جەنگی دوس
هەم چا لوڕستان بی نامێم جلوس
سەرقەتار گشت بیم ئەز چا سپا و هوز
سەردام نەعەشق دو برای نوور سوز
حەسەنو حوسەین جامو سەرین یوز
ئیگایش کە دیمان شای حەق ئاموز

واتە: ئازیز من لەئەســـتەمبوڵەوە هاتووم بۆ ئەوەی سەرم بسپێرم، لەبەردەم تۆدا گەواهی ســـەرەتا تا ئیســـتەم دەدەم، بـــەر لەم ژیانی دنیاییە ناوم

(فەخرا) بوو، لەسەرەندیل و سەرەتای خولقاندا ناوم (زەڕسوڵ) بوو، دۆن بەدۆن هاتم تا گەشتمە کوفە، لەوێ لەدەوری یەک کۆبوبوینەوە و لەوێ نەچوینە ژێر فەرمانی (یەزید) بۆیە سەرمان دانا، لەکەربەلادا لەو شەڕە شەرەفمەندەدا ناوم (سەید) بوو، لەجەنگی (دووس) دا لەدۆنی

(ئیبنو عەبدوڵڵا ) دا بووم، لەوێ سەرداری ئەو سوپایە بووم کە سەرم بەخشـــی لەرێگەی دوو برای نوریندا کە حەســـەن و حسەین بوون، لە لوڕســـتاندا لەدۆنی کەسێکدا بووم ناوی (جلوس) بوو، لێرەش ئەوەتام لەخزمەت شای حەقیقەتدا

ئەو کۆی کەلامان،......................[٤٧]
بارگەی شام وستەن ئەو کۆی کەلامان
کەلام مەدۆ ئەو درەخت غەڵامان
شام سوڵتان سەهاک نەکۆی سڕ ئامان
موسای کەلیمش چڕی نەدامان
سۆچیای یەهودی ناپوختە خامان

واتە: واتە: بارگەی شـــا م کە ســـەڵتان ئیســـحاقە ئەوتا لە کێوی غوڵامانە، کەلام لەدرەختی سەربەرزیمان دەدات وەک شنە با، سوڵتان ئیســـحاقی گەورەم لەپەنهانەوە هاتوە، ئەو موسای کەلیمی بانگ کردە لای خۆی تا ســـوتانی ئەو یەهودیانەی نیشان بدات کە کەم باوەڕن بە موسا.

**٧- پیر قانوون شامی**

ئەمیش وەک رابەرانی پێشتر ناومان بردن لەنێوان سەدەی حەوتەم و هەشـــتەمدا ژیاوەو وەک خۆی لە کەلامەکەیدا باســـی کردوە لەشـــام لەدایک بوەوە، هەندێک ســـەرەنجام و دەفتەری دەسنووســـدا بە (پیر قانوونی دیمەشقی) یش ناوی هاتووە[٤٨]، لای بەڕێز سید محمد حسینی بە (پیر قانون شامی) [٤٩] ناوی هاتووە.

پێدەچێت ئەمیش بۆ خوێندن هاتبێتە شـــارەزور و لەوێوە چوبێتە شێخان و سەری بە شای هەورامان سپاردبێت .

پیر قانوون یەکێکە لە هەفتاو دوو پیری ئاییینی یارسان.

٦-

ئامام نە شامی،..........
ئازیز وەی جەمت ئامام نە شامی
مەدەی گەواهی ئەزەڵین نامی
نامێم شادان بی وەر نەکۆی یامی
چا سەر ئەندیلە نامێم جیامی
خەت وەخەت ئامایم پەی وەرو کامی
تا چە مەدینەزوهوور دایم دامی
گیانمان کەرد تەسلیم وەی کەوسەر جامی
منەتمان نەوەرد چابەد نەفامی
ئومیدمان بەستەن پەی ئاخر ستون
هەم پەیوەن بیمان چەی بەهر جەیحون
بەر شیایمێ نەدین خار بەد مەزمون
عەبد وە دین دۆستان نامێما قانون
هەم پەی ئەمر تۆ ئازیز سەفدەر
دریان وەدەستم ئەوەڵ بورجو خوەر

واتە: من لە شـــامەوە هاتـــووم، ئازیزم بۆ ئەوەی لەجەم بەشـــدار بم من لەشـــامەوە هاتم، لێر لەبۆردەم تۆدا گەواهی دۆنەکانی پێشـــوم دەدەم، سەرەتا ناوم (شادان) بوو، لەدۆنی دواتردا ناوم (جیام) ی بوو، دۆن بـــەدۆن هاتمە بـــەرەوە تا لەمەدینەدا بوم بـــە (دام) ی و گیانم کردە قوربانی پیرۆزی کەوسەر، ئێمە لەنەفامی هیچ ئومێدێکمان نەبوو، ئومێدمان بە دواین کۆڵەگە (مەبەســـت لە حەقیقەتە) بەستووە، ئێمە بـــەم ئایینەوە پەیوەســـت بویـــن و دەرچوین لە ئاییینـــی خاران و من بەندەیەکی ئایینی دۆســـتانم نـــاوم (قانون) ە و بە فەرمانی تۆ یەکەم مانگی هاوین دراوەتە من و من بەڕێوەی دەبەم.

٢-

ئەو راگەی راسان[٥٠]، ......................

بارگەی شام وستەن ئەو راگەی راسان

جە بەرەی دیوان گردین خاسان

ها بەیان یوورت خواجا بناسان

یاران وە کەلام مایەشان ماسان

یەرێ رۆژ جە عەشق هەفت قەوەڵتاسان

ئی راگەی یاری نەیران وەئاسان

هەر ئەم پارەگرافە لەلاپەڕە ٢٥٧لە دیوانەگەورەی بەڕێز حسەینیدا بەم جۆرەیە:

ئەو راگە راسان[٥١]، ......................

بارگاه شام وستەن ئەو راگە راسان

جەبەرە دیوان گیردین خاس خاسان

ها بیان جەیورت خواجا بناسان

یاران وە کەلام مایەشان ماسان

یەرێ رۆژ جە عەشق هەفت قەوەڵتاسان

ئی راگەی یاری نەیران وەئاسان

لە بارگە بارگەیەکی دەستنووسیشدا بەم جۆرەیە لە لاپەڕە٢٩ دا

ئەو راگەی راسان[٥٢]، ....................

بارگەی شام وستەن ئەو راگەی راسان

جە بەرە دیوان گردین خواصان

ها بەیان یوورت خواجا بناسان

یاران وەکەلام مایەشان ماسان

یەرێ رۆ جە عەشق هەفت قەوەڵتاسان

ئی راگەی یاری نەگیران ئاسان

واتە: لەسەر ڕێگەی راسان بارگەی شام لەوێ هەڵدراوە، لەدەرگای دیوانی سـولْتاندا دەسـت بە دەرگاوە بگرن و لەدۆنەکانی خۆتانا خوا بناسن، یاران بەپێی کەلام مایەیان دەوڵەمەند ئەبێت، سێ ڕۆژ ڕۆژوی یارانی (قەوەڵتاس) بگرن و ئەم کارە بەهەند وەرگرن.

**٨- پیر نەزیلە**

یەکێکـە لە ئەلقەی نەوەدو نۆ پیری شـاهۆ وەک ئەوەی لە لاپەڕە (٣٥٩) ی دیوانـە گـەورەدا باس کراوە)، ئەگەرچی باوەڕی نووسـەر وایە کـە زازاکانیش بەشـێکن لەهەورامی بەڵام بەهۆی دابەشـبوونە جوگرافییەکەوە لەم ریزبەندییەی کرمانجی ژوورودا باسکراوە.

پیر نەزیلە لەناوەڕاستی سـەدەی حەوتەمی کۆچیدا لە ناوچەکانی دیرسـیم و بینگۆلەوە هاتووەتە هەورامان و سـەری بە شای هەورامان سـپاردووە و بوەتە یەکێک لە نەوەد و نۆ پیری شاهۆ، لەبەردەم شای هەوراماندا بەمجۆرە گەواهی دەدات:

ئامام چە زازا،............
ئازیز وە لوتفت ئامام ئامام چە زازا
ئینانە حوزوور مەدەری گەوا
وەرتەر نە بن جان نامێم بی هیجا
فەرزەند ئادەم بیم نامێم بی ردا
چا شار مەدین نامێم بی سەنحا
چە عشق حەسەن ئەز زەهرم نۆشا
نامێم یاسین بی هەم نەکەربەلا
نەرای شا حوسەین سەردام وەرەزا
نەرای خۆشینت نامێم بی منا
باش مەقام ژەن بیم سازەندەی زەڕنا[٥٣]
نۆسەد[٥٤] شاگردم بی نا دەورە و جاٚ
ئیگایش چەی حوزوور ڕۆشەنیم زیا
شاد بیمان وەی جەم ئازیز یەکتا
دوو هەم زیانی پەی حەق وەسیلە
عەبد وە یەکتایی نامێم نەزیلە.

واتە: ئازیز بە لوتفی تۆوە لە ناو زازاکانەوە هاتووم و لێرە لەبەردەم تۆدا گەواهی دەدەم کە لەسەردەمی فریشتەیدا ناوم (هیجا) بووە دواتر بومە نەوەی ئادەم ناوم (ردا) بوو، دواتر لەشاری مەدینە لەدۆنێکدا بووم ناوی (سەنحا) بوو، لەخۆشەویستیما بۆ حەسەن ژەهرم نۆشی،

لەکەربەلا لەدۆنی (یاسین) دا بووم و گیانم کردە قوربانی حسەین، لە لوڕستاندا ناوم (منا) بوو، لەوێ باش مەقامچی بووم و زوڕنام دەژەند، نۆســـەد شاگرد و قوتابیم هەبوون لەو دەورانەدا، لێرەش لەحزورتا ئەی سوڵتانی دنیا چاومان ڕۆشـــن بوویەوەو شاد بووین بە جەمی ئازیزان، من هۆکاری دووبارە هاتنەوەم بە وەسیلەی حەقەوە بوو، ئیستاش ناوم (نەزیلە) یە.

**٩- پیر جامی**

له تفلیســـی پایتەختی گورجســـتانەوە هاتوەتە هەورامان و لەوێ سەری بەشای هەورامان سپاردوەو یەکێکە لە نەوەدو نۆ پیری شاهۆی ئایینی یارســـان، شتێک لەسەر ژیانی باس نەکراوە تەنها ئەوەندە هەیە لەناوەڕاســـتی ســـەدەی حەوتەمی کۆچی هاتوەتـــە هەورامان و بوەتە پەیڕەوکاری ئایینی یارسان.

ئامام نە تفلیس،......................
ئازیز وە ڕەنگت ئامام نەتفلیس
مەدەی گەواهی ئەزەڵیت تەجنیس
نامێم مەجنوون بی وەڕن سەمای ئەنیس
فەڕزەند وە ئادەم نامێم بی ڕەنگیس
نامێم ڕساس بی نا کوفەی خەبیس
نەڕای شا حەسەن ژەهرم وەرد هەڕیس
نامێم بی قوباد نا کەربەلای پیس
نەڕای شا حوسەین سەردام پەڕێ ئیس
چا لوڕستانت نامێم بی خەمیس
باش ئاواز خوانت ناسپاو ویس
ئیگام نەی حوزور شای نوورین گیس
نۆسەد شاگردم بی نەوەر حەدیس
شاد بیمان وەجەم ئەرکانو تەمیس
تەمیسا ئەرکان یاران ئەمین
عەبد وە ئەرکان دار نامێما جامین

واتـــە: ئازیز بە ڕەنگ و شـــکۆی تۆوە لەتەفلیســـەوە هاتم، ئەوەتا لەبەردەم تۆدا گەواهی دەدەم لەســـەر دۆنەکانم، بەر لە خەلیقەت ناوم (مەجنـــوون) بوو، لەدەورەی ئادەمدا ناوم (ڕەنگیس ) بوو، لە کوفەی پیس کراودا ناوم (ڕەســـاس) بوو، لەرێگەی شـــا حوســـەیندا ژەهرم

نۆشی و لەکەربەلادا دەرکەوتمەوە لە (قوباد) دا، لە لوڕستاندا لەدۆنی (خەمیس) دا دەرکەوتم، لەوێ ئاواز خوێنی ســوپا بووم، لەوێ نوسەد شاگرد و قەتابیم هەبوون، ئەوەتا لێرەش لەبەردەم شای بسک رەنگیندا شــاد بووم بە پایەکانی جــەم، پایەکانی ئایینی یــاری خاوێنن و من بەندەی بەجێهێنەری ئەو پایانەم و ناوم (جامی) یە.

### ٩٠- پیر فەنەر[٥٥]

یەکێکــە لە نەوەدو نۆ پیری شــاهۆ لەئایینی یارســاندا، شــتێک لەبارەی ژیانییەوە لەبەردەســتدا نییە و ئەوەی سەلمێنەری ئەوەیە کە لەئاخێوەرانی کرمانجی ســەروە ئەوەیە ئێمە لەکوردیدا بە بادینی یان کرمانجەکان دەڵێین

(کرمانــج) بــەڵام ئیتر دیار نییە لەکوێی بەشــی کرمانج نشــینی کوردســتانەوە هاتووە، لەدەورەی بابا حەیدەردا بە (یوســف کرمانج) ناوی هاتوە

ئامام نە کرمانج،..........
شام وەی کەرەمت ئامام نە کرمانج
مەدەی گەواهی جەماتو ژێر ساج
نامێم پیاڵە بی وەرنە کۆی چەرخ لاج
خەلیفە حاتەم بیام نا کۆی مانج
ئێگام نەی حوزوور دیم خواجای میعراج
ئامەم وەر حوزوور شای ساج و خەراج
نامێما فەنەر عەبد وە نوورین ئانج

من بەکەرەمی پادشام لەناو کرمانجانەوە هاتووم، من گەواهی ئەدەم بۆ جەمی تۆ لەژێر (ساجی نار) ەوە، سەرەتای ئافراندنم ناوم (پیاڵە) بوو، دواتر لەدۆنی (خەلیفە حاتەم) دا هاتمەوە، هاتمە ئێرە و خواجای میعراجــم بینــی و هاتمە حزوری شــایەکەم و مــن بەندەیەکم و ناوم (فەنەر) ە.

## ٦١- پیر عەتاری گەرگەری

پیر عەتار یەکێکە لە (نەوەدونۆ پیری شـــاهۆ) ی یارســـانەو وەک ئـــەوەی خۆی دەیگێڕێتەوە لە (گەرگەر) هاتوە، گەرگەر ناوی هۆزێکی کوردیە لە نێوان موسڵ و دهۆکدان و ئەمانە کوردن، (یاقوت حەمەوی) ئـــەم هۆزە کوردییە بە (جرجر) ناو دەبـــات، دیارە لە عەرەبیدا پیتی (گ) نییەو هەموو پیتێکی (گ) لەعەرەبیدا دەبێت بە (ج).

لەهیچکام لەدەفتەرەکانی یارســـاندا لەبارەی ژیانی ئەم پیرە نییە، بەڵام فاکتێکی بەهێز کەلەبەردەســـتا بێت ئەو تێکستەی خودی (پیر عەتاری گەرگەری) یە کە باسی هاتنی خۆی دەکات.

زیام نە گەرگەری،................
ئازیزت وە مەیلت زیام نە گەرگەری
مەدەی گەواهی ئەزەڵ جەم وەری
نامێم باوە بی وەرنە ئەسپەری
نامێم قەلاچ بی پوور وەبەشەری
فەرەج بی نامێم چا مەدین فەری
نەڕای حەسەن دا زەهرم وەرد شەری
چا لوڕستانت نامێم ئەکبەری
خەلیفە چراغ بیم ئەنا مەزهەری
ئیگام نەی حوزوور دیم شای حەیدەری
شادیمان وەی جەم بادەی کەوسەری
ئامایم وە حوزوور شای پەردیوەری
کەوسەرمان نۆشان چا ئەزەڵین بار
عەبد وە کەوسەریان نامێما عەتار

واتـــه: ئازیزم من بەمەیلی تۆوه له گەرگـــەرەوه هاتووم، لەبەردەم تۆدا گەواهی دۆنەکانم دەدەم، لەدنیای رۆحدا ناوم (باوه) بوو، لەدەمی خولقاندنی باوکی مرۆڤایەتیدا ناوم (قەلاچ) بوو، دۆنەکەم له مەدینەدا (فـــەرەج) بوو، خۆمم کـــردە قوربانی رێگەی (حەســـەن)، لەدەورەی لوڕستاندا ناوم

(ئەکبەر) بوو، لەوێ خەلیفه بووم، لێرەی شـــای حەیدەرم بینی و شـــاد بوویین به جەمی بادەی کەوسەر و هاتمه حزوری شای پەردیوەر، لەوێ لەئەزەڵەوه ئاوی کەوسەرمان نۆشی، من بەندەی کەوسەری یاریم و ناوم (عەتار) ه.

**١٢- پیر عالەم زاخۆیی :**

یەکێکە لە نەوەدو نۆ پیری شاهۆ لەئاینی یارساندا، شتێک لەبارەی ژیانییەوە لەبەردەستدا نییە و ئەوەی سەلمێنەری ئەوەیە خەڵکی زاخۆیە و لەناوەراســـتی سەدەی حەوتەمدا ژیاوەو لەزاخۆوە چوەتە هەورامان و سەری بە ئایینی یارسان سپاردوە و بوەتە یەکێک لە پیرە ئایینییەکانی یارسان.

ئامام نە زاخۆ،.................
شام وە قەڵەمت ئامام نە زاخۆ
مەدەی گەواهی کان ئەزەڵ جۆ
نامێم بی عەبدان وەرنە خاکو خۆ
فەرزەند وە بەشەر نامێم بی فیتۆ
نامێم بی حامیم چا کوفەی بەد پۆ[٥٦]
نەرای شا حەسەن نۆشام زەهر زۆ[٥٧]
نام کەربەلام مرەی بن قدۆ
نەرای شا حوسەین وەنیش مۆ[٥٨]
چا لورستانت نامێم بی قۆقۆ
خەلیفە کەرار بیام چا ئۆردۆ
ئێگام چەی حوزوور دیم شای مەنهۆ
ئامایم وە حوزوور یاران شاهۆ
شاد بیمان وەی جەم قەوڵ بێ درۆ
درۆمان نەوی نەگردین خاتەم
عەبد وە خاتەمیان نامیما عالەم

واتە: ئازیزم من بەخەتی قەڵەمی تۆوە لە زاخۆوە هاتووم، لەبەردەم تۆدا گەواهـــی دۆنەکانم دەدەم، لەدنیای رۆحدا نـــاوم (عەبدان) بوو، لەدەمـــی خولقاندنی باوکی مرۆڤایەتیـــدا ناوم (فیتۆ) بوو، دۆنەکەم لە

کوفە (حامیم) بوو، خۆمم کردە قوربانی ڕێگەی (حەسەن)، لەکەربەلادا ناوم

(مرەی بن قدۆ) بوو سەری رمی (حسەین) بووم، لەدەورەی لوڕستاندا ناوم

(قۆقۆ) بوو، لەوێ خەلیفەی کەراڕ بووم لەنێو هۆردوی ئەوێدا، لێرەی شای مەنهۆم بینی وهاتمە خزمەت یاران لە (شاهۆ) شاد بویین بە جەمی راستی، من ئەو بەندەم ناوم (عالەم) ە.

### ١٣- مەیتون عەقراوی

(میطون)[٥٩] یان بە (مەیزوون)[٦٠] یش ناوی هاتووە، یەکێکە لە چل تەنان، ئەوەندە لەبارەی ژیانییەوە هەیە کە خەڵکی عەقرە (ئاکرێیە) و نێوان سەدەی حەوتەم و هەشتەمی کۆچیدا ژیاوەو وەک زۆرێک لە هاوشێوەکانی روی کردوەتە شارەزور بۆ خوێندنی ئایینی و زانستی کەلام و فەلسەفە، پاش گەشەی ئایینی یارسان و روتێکردنی ژمارەیەکی زۆر لە مەلا و شاگردەکانیان لەو ئایینە، ئەوانەی لەشوێنەکانی ترەوە هاتبونە شارەزور زۆربەیان دەبنە پەیڕەوکاری ئایینی یاری .

مەیۆم جە عەقرو.................
عەقرۆییەنان مەیۆم جە عەقرۆ
کەمان باتنیم وستەن ئەو سەوەو
ئاوم نە چەشمە واردەن چل تەنش نەسەو

واتە: من عەقرەیم و لە عەقرەوە دێم، لەباتنەوە کەوتمە سەر ئەم ڕێگەیەو ئاوم لە کانی چل تەن خواردەوە.

### ١٤- پیر کەنعان:

لەنەوەدو نۆ پیری شـــاهۆیە، وەک خۆی باس دەکات لە (ســـیواس) ەوە هاتوە لە باکوری کوردســـتان، سیواس ئێســـتاش هەرێمێکی عەلەوی نشینی باکوری کوردســـتانە، لەبارەی ژیانییەوە شـــتێک لەبەردەسا نییە ئەوە نەبێت خۆی گەواهی دەدات لە (سیواس) وە هاتووە.

ئامام نە سیواس، ئامام نە سیواس
ئازیز وەئەمرت ئامام نە سیواس
مەدەی گەواهی ئەزەڵین ئەساس
نامێم زەڕجام بی وەڕنە سەمای تاس
فەڕزەند وە ئادەم نامێم بی جەماس
نەڕای شاحەسەن نۆشام زەهر ماس
نامیم سەنجەر بی چا شام قەساس
نەعەشق حوسەین سەردام وەئەڵماس
چا لوڕستانت نامێم بی هەیاس
باش تەنبوور ژەن بیم نا سپای خاس
نۆسەد شاگردم بیا چاوەر باس
ئیگام نەی حزوور دیم ئوسای ئەساس
شاد بیمان وەیجەم ئازیز بێ باس
ئامایم وەحزوور یاران دین راس
بێ باسو رەحیم شای زۆر کەمان
عەبد وەبی باسان نامێما کەنعان

واتە: ئازیزم من بەختەتی فەرمانی تۆوە لە سیواســـەوە هاتووم، لەبەردەم تـــۆدا گەواهی دۆنەکانم دەدەم، لەدنیای رۆحـــدا ناوم (زۆڕجام) بوو، لەدەمی خولقاندنی باوکی مرۆڤایەتیدا ناوم (جەماس) بوو، دۆنەکەم لە شام (سەنجەر) بـــوو، خۆمم کردە قوربانی رێگەی (حوســـەین)، لەدەورەی لوڕســـتاندا ناوم (هەیاس) بوو، لەوێ باش تەمووره ژەن بووم لەنێو ســـوپادا، نۆسەد قەتابیم هەبوو، لێرەی وەستای خولقێنەرم بینی وهاتمە خزمەت یارانی راست، من ئەو بەندەم ناوم (کەنعان) ە.

# کاوی پەنجەم

## دەرەنجام

**دەرەنجام:**

بە پشـــت بەســـتن بە تێکســـتەکان و ئەو کتێبە چاپکـــراو و ئەو دەستنووســـانەی کە لەبەردەســـتان ئەوە دەسەلمێنن کە لەزۆر شوێنی دونیاوە خەڵکی روی لە پردیوەر کردوەو ئەم ئایینەیان وەرگرتووە.

لـــەم لێکۆڵینەوەیـــەدا تەنیا ئـــەو پەیرەوانەی ئایینی یارســـانمان بەسەرکردەوەکە ئاخێوەری کرمانجی ژورون و لەدەفتەرەکانی یارساندا تێکستیان هەیە بە هەورامی.

زۆربەی تێکســـتەکان ئیقراری ئەو کەســـانەیە لەبارەی رابردویانەوە لەبەردەم ســـان ســـەهاکدا و هەریەکەو باس لـــە دۆنەکانی پێش خۆی دەکات.

مەســـەلەی دۆنادۆن لە ئایینـــی یاریدا بابەتێکـــی گەلێک گرنگە و باوەڕیان وایە رۆح بەردەوام لە گەڕاندایە لە جامەیەکەوە بۆ جامەیەکی تر، بۆیە مردن و لەدایک بوون وەک یەک سەیر دەکرێن لەم ئایینەدا و لەهیچ بۆنەیەکی مردندا نابێت بگریەن.

ســـەدەی حەوتەم و هەشتەم سەدەی زێڕینی ئایینی یارسانە و لەو ماوەیەدا دەیان زانای گەورە کەلەزۆر شوێنی دنیاوە هاتبوونە شارەزور بۆ خوێندن، لەگەڵ مامۆستاکانیاندا رویان لەئایینی یارسان کرد.

لە سەرەنجام و باقی دەفتەرەکانی تری یارساندا نەک تەنها کوردی کرمانجی ژوروو هەن کە بەهەورامی تێکســـتە ئایینییەکانیان نووسیوە، بگرە چەندین عەرەب و تورک و فارس و روس و بولغاری و هیند و.... هتد هەن کە بەهەورامی تێکستیان لەم دەفتەرانەدا هەیە و لە ئایندەدا نووســـینەکانی ئەوانتان دەخەینە بەردەســـت کە ئامادەکراون و کاری لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکەین.

ئەوەی گرنگە لێرەدا باسی لێبکرێت گرنگی ئەو زمانەیە کە سەرەنجام و باقی دەفتەرەکانی ئەهلی حەقی پێنووسراوەتەوە و ئەمە زمانی فەرمی و مێژینەی ئایینی یاراسان و ئایینی سەرەتای ئەفراندنی گەردونە (٦١).

بـــە ســـاغکردنەوەی ئەم بابەتە جگـــە لە دۆزینـــەوەی ئەڵقەیەکی

